المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# بنەما و بەسەرکردنەوەی کاری فەرهەنگنووسیی لە زمانی کوردیدا
# (فەرهەنگی منداڵان وەك نموونە)

پ.د.شهاب طیب طاهر
زانکۆی ڕاپەڕین/کۆلێژی پەروەردە
Shahab.taeb@uor.edu.krd
م.فەیسەڵ غازی محەمەد
زانکۆی بەغداد /کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد
Faisal.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**پوختە:**
به تێپەڕبوونی کات و سەردەمەکان، منداڵان بوونەتە جێی بایەخی لێکۆڵەر و توێژەر و پسپۆرانی بواری پەروەردەیی، لەبەرئەوەی بنەما و هەوێنی پێکهاتەی کۆمەڵگەن، بۆیە زۆر گرنگە بایەخ بە هەموو ئەو لایەنانە بدرێت، کە پێویستییەکانی منداڵ پڕ دەکەنەوە و دەبێتە هۆی بنیاتنانی کەسێتییەکی باوەڕبەخۆبوو، تا لە دواڕۆژدا بتوانن خزمەتی زمان و ئەو کۆمەڵگەیە بکەن کە تێیدا دەژێن. جیهانی منداڵان، جیهانێکی فرەڕەهەند و فرەبوارە و دەکرێت کاری زانستی و پەروەردیی و ...هتد زۆری بۆ بکرێت، بە ئامانجی بە دەستخستنی زانیاری و ڕێچکە ڕێگەیەك، تا بە باشترین شێوە بواری بیرکردنەوە و پەروەردەییان پێشکەشبکرێت. ئەنجامدانی کاری زانستی و پەروەردەیی و لێکۆڵینەوە لەهەر لقێك پەیوەندبێت بە جیهانی منداڵانەوە، کاریگەریی خۆی لە بەدەستهێنانی وشە و زاراوە و چۆنێتی گەشەپێدانی مێشك و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی جیهانی دەوروبەری و ...هتد، دەبێت. دانانی فەرهەنگێك بۆ منداڵ - لەهەر تەمەنێکدابێت- ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر گەشەکردنی و ڕێگاکانی فێربوونی پیت و بڕگە و وشەکان دەبێت، بە تایبەتی لەو جۆرە فەرهەنگانەی کە تایبەتن بە بواری جیهانی منداڵان. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت بنەماکان و دانانی فەرهەنگی منداڵان بخرێتەڕوو، هەروەها ئەو گیروگرفتانەش دیارییکرێت لە کاتی دانانی جۆرێکی لەو فەرهەنگەدا دێتە ڕێی دانەرانی فەرهەنگەکە، هەروەها بەسەرکردنەوەیەکیش بکرێت بەو کارانەی کە لەم بوارەدا کراون و تێبینی و سەرنج و ڕەخنە لەبارەیانەوە بخرێتە ڕوو.

# مبادئ ومراجعات الصناعة المعجمية في اللغة الكوردية
# (معجم الاطفال نموذجا)

أ.د. شهاب طيب طاهر
جامعة رابرين/ كلية التربية
Shahab.taeb@uor.edu.krd
م. فيصل غازي محمد
جامعة بغداد/ كلية التربية ابن رشد
Faisal.ghazi@ircoedu.uobaghdad.edu.iq

**ملخص البحث:**

هذا البحث يتطرق الى المباديء والمرجعة الاعمال السابقة في الصناعة المعجمية في اللغة الكوردية، وبالاخص معجم الاطفال اخذ كنموذج لهذا العمل المعجمي. وهي محاولة لاظهار احدى انواع المعجم الا وهي معجم الطفل في اللغة الكوردية و تبيان دور تلك المعجم في اغناء الرصيد اللغوي للطفل والمامه بلغتها وكيفية تبيان دور ووظيفة تلك المعجم كمصدر عقلي وتربوي و علمي للطفل في المراحل العمرية والدراسية التي تمر بها و كيفية الاستفادة منها، حتى تستطيع عن طريقها التعبير حن حاجياتها المختلفة، ولاجل ذلك قسمنا البحث الي فصلين، فصل نظري و فصل عملي.
ففي الفصل الاول تطرقنا الى مفهوم وتعريف الطفل و واهمية و وظيفة معجم الطفل و وانواعها و اهمية الكتاب ودور المكتبة في حياة الطفل. وفي الفصل الثاني الذي هو الجانب العملي والتطبيقي للبحث تطرقنا الى المعاجم التي وضعت سواء للطفل او للمدارس الابتدائية والمتوسطة والاعدادية، حيث اخذنا نماذج كثيرة من تلك النوع من المعجم منذ نشاءة المعجم في سنة (1682) الذي وضعت اول معجم للطفل، الى الوقت الحاضر. وتحدثنا عن تلك المعاجم حسب الشروط التي يجب ان يتوفر في اي معجم

وبالاخص في معاجم الاطفال. وفي نهاية البحث ذكرنا المصادر التي تمت الاستفادة منها لكتابة هذا البحث المتواضع والنتائج التي تم التوصل اليها في هذا البحث.

**Principles and reviews of lexicography in the Kurdish language**
**(Children's dictionary as a model)**

**Abstract**
The research is an attempt to show one of the types of dictionaries, which is the child's dictionary in the Kurdish language, and to show the role of that dictionary in enriching the linguistic balance of the child and his mother in her language, and how to explain the role and function of that dictionary as a mental, educational, and scientific resource for the child in The age and academic stages she goes through and how to benefit from them, so that she can express her different needs through them. For this reason, we divided the research into two chapters, a theoretical chapter and a practical chapter.
In the first chapter, we discussed the concept and definition of the child, the importance and function of the child's dictionary and its types, the importance of the book, and the role of the library in the child's life. In the second chapter, which is the practical and applied aspect of the research, we touched on the dictionaries that were
developed, whether for children or for primary, middle, and preparatory schools. We took many examples of this type of dictionary from the inception of the dictionary in the year (1682), in which the first child dictionary was developed, to the present time. We talked about these dictionaries according to the conditions that must be met in any dictionary, especially children's dictionaries. At the end of the research, we mentioned the sources that were used to write this modest research.

**0-1: ناونیشانی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە بەناونیشانی (**بنەما و بەسەرکردنەوەی کاری فەرهەنگنووسیی لە زمانی کوردیدا/ فەرهەنگی منداڵان وەك نموونە).**
**0-2: گرنگیی توێژینەوەکە:**
هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کاریگەریی فەرهەنگ وەك سەرچاوەیەك هەم بۆ فێربوونی خودی و هەم وەك سەرچاوەیەك کاربکاتە سەر گەشەی ئەقڵی و لایەنی پەروەردەیی و زانستیی منداڵان. هەروەها سەرچاوەیەکیش بێت کە وشە و زاراوەی جۆراوجۆریی لێوەفێربن.
**0-3: هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**
ئایا فەرهەنگی منداڵان تا چەنێك دەتوانێت دەرخستنی گەشەی هزری و پەروەردەیی و ئاوەزی منداڵان بێت.
**0-4: گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**
ئەو فەرهەنگانەی لەو بوارەدا کراوە، زۆربەیان هەوڵی تاکە کەسین و ڕەچاوی ئەو مەرجانەیان نەکردووە، کە دەبێت لە فەرهەنگی منداڵانداهەبیت، هەروەها دیاریکردنی تەمەن لە هەندێ لەو جۆرە فەرهەنگانە فەرامۆشکراوە و بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و تەمەنی عەقڵی زاراوە و وشەی پێویست دانەنراوە و کەمی بەکارهێنانی لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا، کۆمەڵە گیرگرفتێك بوون کە لەم توێژینەوەیەدا بەدی کرا.
**0-5: ڕێبازی توێژینەوەکە:**
لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی – شیکاریی ڕەچاوکراوە، کە لەگەڵ جۆر و چۆنێتی ئەو جۆرە کارەدا دەگونجێت. جگە لە باسکردن هەروەها شیکاری و سەرنج لەو جۆرە کارانە گیراوە کە بە کوردی دانرابێت و نووسرابێت.
**0-6: پێکهاتەی توێژینەوەکە:**
توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێت:

بەشی یەکەم : بنەماکانی فەرهەنگی منداڵان
1-1: منداڵ ( کورتەیەك لە بارەی تەمەن و پێناسە و چەمکی منداڵ)
1-2: فەرهەنگی منداڵ (پێناسە و گرنگیی و ئامانجەکانی)
1-3: بنەما و مەرجەکانی پێکهێنانی فەرهەنگی منداڵان
1-4: تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی منداڵان
1-5: گرنگیی فەرهەنگی منداڵان لە دەوڵەمەندکردنی زمانی منداڵاندا
1-6: جۆرەکانی فەرهەنگی منداڵان
1-7: دیزاینی هونەری فەرهەنگی منداڵان
1-8:چۆنێتی دانانی فەرهەنگی منداڵان
1-9: گرنگیی کتێب بۆ منداڵان
بەشی دووەم: بەسەرکردنەوەی کاری دانانی فەرهەنگی منداڵانی کوردی و ڕۆڵیان لە گەشەی ئەقڵی و پەروەردەیی و زانستی منداڵدا:
2-1- جیاوازی نێوان فەرهەنگی قوتابخانەیی و فێرکاری
2-2- مێژوو و بەسەرکردنەوەی فەرهەنگی منداڵان لە زمانی کوردیدا
2-3- کورتە مێژوویەکی فەرهەنگی (منداڵان/ قوتابخانەیی) لە زمانی کوردیدا
2-4- بەسەرکردنەوەی ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ منداڵان دانراون
2-5- فەرهەنگی منداڵان و تێبینییە گشتییەکان


لە کۆتایی توێژینەوەکەدا جگە لە ئەنجام و لاپەڕەی سەرچاوەکان، کورتەی توێژینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## بەشی یەکەم- بنەماکانی فەرهەنگی منداڵان

### 1-1: منداڵ ( کورتەیەك لە بارەی تەمەن و پێناسە و چەمکی منداڵ):

منداڵ لەڕووی زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەوە، بەو مرۆڤە دەوترێت،کە لە قوناغی نێوان لە دایکبوون و باڵغبوون(پێگەیشتن)دابێت. دەکرێت لە ڕەهەندی (بایۆلۆژی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاسایی)یەوە لە چەمکی منداڵ بڕوانرێت و بەپێی ئەو ڕەهەندانەش، لە کاتی دانانی فەرهەنگ، یا هەر کارێکی تر تایبەت بێت بە منداڵ، ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکرێت.

پێناسەکان لە بارەی ناساندنی چەمکی منداڵ و تەمەن و ئاستی ئاوەزیی، لە توێژەرێکەوە بۆ توێژەرێکی تر، بەپێی پسپۆری و ئارەزوومەندی و ئاراستەی زانستییانەوە جیاوازە. ئەم جۆراوجۆرییە واتای ئەوە نییە، کە پێناسەیەکی گشتگیر هەڵبژێرین، کە هەڵگری خاڵی هاوبەش لەخۆبگرێت و لێکۆڵەران لەسەری ڕێکنەکەون.

کەواتە دەتوانین بڵێین (ماوەیەکی دیاریکراو لە ژیان، کە لە کاتی لەدایکبوونەوە تا پێگەیشتن دەستپێدەکات و لە کۆمەڵگەیەك تا کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، لەوانەیە لە پێگەیشتن یان کاتی هاوسەرگیری یان لە تەمەنێکی دیاریکراودا کۆتایی بێت).**(زلط احمد:1994: 23)**. کەواتە چەمکی منداڵێتی/منداڵی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێت، کە بە ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەی تایبەت و بیروبۆچوونی کەسانی دەوروبەری ئەو نەوەیەوە کاریگەردەبێت.

دەکرێت پێناسەی منداڵ بەوە بکرێت، ئەو کەسەیە، کە لەژێر تەمەنی هەژدە ساڵیدایە و پێویستە و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە، کە منداڵان بپارێزێت دژی هەر شێوەیەکی ڕەگەزپەرستی، و دژی هەر کارێك، کە منداڵ لە مافە جیاوازەکانی ژیانی بێ بەش بکات...هتد.

فەرهەنگ، منداڵ بەوە پێناسە دەکات، کە تاکێکی تەمەن بچووکە، نەگەیشتۆتە تەمەنی هەژدەساڵی، یان نەگەیشتۆتە باری پێگەیشتن، فەرهەنگەکە سەرەتای قۆناغی منداڵی بە لەدایکبوون تا تەمەنی پێگەیشتن دیاریدەکات.

### 1-2: فەرهەنگی منداڵ (پێناسە و گرنگیی و ئامانجەکانی):

فەرهەنگی منداڵ دەچێتە خانەی فەرهەنگی تایبەتییەوە، کە تایبەتە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە، کە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی دیاریکراوە، کە دەرهێنەرێکی بینراوییە و پەنا بۆ وشە و وێنە و ڕەنگ و نەخشەو ...هتد، دەبات. ئەم ڕەگەزانەش لە پێناو ئاسانکردنی تێگەیشتن و بەدیهێنانی چێژوەرگرتن و فێربووندا جێگیرکراون. ئەم جۆرە فەرهەنگە، یان بڵێین ئەم جۆرە

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

فەرهەنگانە، ئامانجیان پەروەردیی و زانستین لەوەی کە بۆ کات بەسەربردن بن، کە هەوڵدەدات بازنەی خەیاڵاتی منداڵ فراوانبکات و ببێتە خۆراکی چێژیی زمانەکەی و وای لێبکات دەربڕین لەو شتانە بکات، کە لە میشکیدایە...هتد.

فەرهەنگی منداڵ ئامرازێکی/هۆکارێکی بەهێزە بە ئاراستەی پەرسەندن و بەهێزکردنی توانای منداڵی ئەقڵی و دەروونی و زمانی و پەرەسەندنی چالاکییەکانی و چالاککردنی بایەخە زمانی و بیرکردنەوەکانی، بەوەی کە فەرهەنگ ئامرازێکی فێرکاریی بنیادگەرە بەشداری لە پێگەیاندن و پێگەیشتنی منداڵدا دەکات.

ئەم جۆرە کتێبەی ئاراستەی منداڵ دەکرێت، دانەرەکانیان هەوڵدەدەن ئەو وشانەی کە زۆر دیار و پێویستن بۆ منداڵ لەپێناو پێگەیاندن و پەروەردەکردنیان بەشێوەیەکی ڕاست و درووست، دەستنیشانبکەن.

## 3-1: بنەما و مەرجەکانی پێکهێنانی فەرهەنگی منداڵان:

لە دانانی فەرهەنگێك بۆ منداڵان، دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەبەرئەوەی تەمەنی منداڵ لەو کاتەدا زۆر هەستیارە و پێویستیەکانیان وا هەڵدەگرێت لە ژینگە و جیهانی منداڵان بگەین و ئەو فەرهەنگانەیان بۆ دابنێین، کە پێویستییە جۆربەجۆرەکانیان دابینبکات، بۆیە دەکرێت لە پێناو دانانی فەرهەنگێکی گشتگیری تەواوکاریی بۆ منداڵان ئەم مەرج و بنەمایانەی تێدابێت:

### 1- بنەمای زانستی:

دانانی فەرهەنگی زمانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی ئەزموونکراو هەیە، کە زانیارییە زمانییەکانی تازەپێگەیشتووان و توانست و پێویستییە زمانییەکانیانی تێداباریبکات، کە لەگەڵ تەمەنیاندا گونجاوبێت، بۆیە پێویستە دەست بە هەڵهێنجانێکی گشتگیر بۆ زمانی بنەڕەتی تازەپێگەیشتووان بکرێت، هەروەها توێژینەوەی ئەزموونی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئەنجامبدرێت، کە ئامانجی زانینی توانستی ئەو تازەپێگەیشتووانەیە لە بارەی تەمەن و قۆناغە جیاوازەکانی فێرکردنیان، بۆ تێگەیشتنی واتای وشەکانی زمان و وەرگرتنیان و لێکدانەوەیان.**(محمد المعتوق احمد:1996: 196)**. کەواتە ڕەچاوی بنەمای گەشەی زمانی و تەمەن و سادەیی و ڕوونی لە پێناسەکردنەکان و بنەمای بەکارهێنانی وێنە و بینین و بەکارهێنانی وشە و هەڵبژاردنیان ...هتد، لەو خاڵە گرنگانەن، کە لە کاتی دانانی فەرهەنگی منداڵان دەبێت ڕەچاوبکریت.

### 2- بنەمای زمانی:

دەکرێت لەم بنەمایەدا ئاماژەی بە (هەڵبژاردنی وشە و ئاستی زمان و شێوازی پێناسەکردن و گونجانی ڕێزمانی ...هتد) بدرێت.
دەربارەی وشەکان، دەبێت ئەو وشانە دابنرێن، کە منداڵ لە ژیانی ڕۆژانەیان پێویستییان پێیەتی و لەگەڵ تەمەنیاندا گونجاوبێت.
هەروەها پێناسەی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە بە زمانێکی سادە و ڕەوان بنووسرێن. دیاریکردنی جۆری وشەکان لەڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە...هتد.

فەرهەنگی زمانی منداڵ خاوەنی ئامانجی فێرکارییە، یارمەتی تازەپێگەیشتووان لە کۆگاکردنی وشەکانی زمان و بەکارهێنانیان دەدات، لە دەوروبەرە ڕاستەکەی بەپێی ئەو بارودۆخەی دەچێتە خانەی بەکارهێنانی زمانەوانییەوە. دانانی فەرهەنگێك تایبەت بێت بە منداڵان وا هەڵدەگرێت ڕژدبین لە هەڵبژاردنی جۆرێتی ئەو وشە بەکارهاتووانە و بەستنەوەیان بە دەوروبەری بەکارهێنانیانەوە، تا پێشبکەوێ و پاشخانی زمانی و زانیاری ڕۆشنبیری منداڵ زیادبکات.

زۆر پێویستە وێنە لە کاتی دانانی فەرهەگی منداڵاندا دابنریت، لەبەرئەوەی وێنە تێگەیشتنی بۆ ئاساندەکات، و یارمەتی دەربڕینی شتەکانی دەدات، کە هۆکارێکی ڕونکەرەوەی ئاماژەپێکراوە، کە ڕۆڵێکی چالاکی لە بەستنەوەی وشەکان بە دەورەبەرکانییەوە هەیە. **(جیلاتی احلام:1999: 238)**.

### 3- بنەمای دەروونی:

بنەمای دەروونی، بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی دانانی فەرهەنگی منداڵان، دادەنریت. دەکرێت بە کورتی ئەمانەی خوارەوە هەندێ لەو خاڵانەبن، کە پەیوەندییان بە بنەمای دەروونییەوە هەیە:

**1- قۆناغی گەشەی ئاوەزی(cognitive Development)**

منداڵ لە تەمەنە جیاوازەکاندا توانای تێگەیشتنی سنووردارە. فەرهەنگەکە دەبێت لەگەڵ تیۆرەکانی گەشەی ئاوەزیدا بگونجێت.(وەك تیۆرەکانی پیاژێ):

-بەرجەستەیی: منداڵ زیاتر لە شتە هەستپێکراوەکان تێدەگات، وەك: (سێو، پشیلە...هتد) نەك شتە دەرجەستە و ناڕاستەوخۆکان، وەك: (دادپەروەری، فەلسەفە...هتد).

**2- لایەنی سۆزداری و هاندان:(Emotional Motivation)**

فەرهەنگەکە دەبێت هەستی سەرکەوتن لای منداڵ دروست بکات، و هاندانی گەڕان بە دوای چەمك و وشەکان و دوورکەوتنەوە لە وشەی ترسناك، واتە دەبێت ئەو وشانە هەڵبژێرین کە منداڵ تووشی دڵەڕاوکێ نەکەن.

**3- بەستنەوە بە ژینگەی دەوروبەر:(contextualization)**

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

منداڵ ئەو وشانە زووتر فێردەبێت کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەیانبینێت، فەرهەنگی سەرکەوتوو، ئەو وشانە دادەنێت، کە منداڵ لە ماڵەوە، قوتابخانە و ناو یاریگە پێویستی پێیانە، ئەمەش یارمەتی جێگیربوونی وشەکە لە مێشکیدا دەدات.**(جیلاتی احلام:1999: 238)**.

ڕەچاوکردنی باری دەروونی منداڵ زۆر گرنگە و دەبێت بکرێت، لە پێناو تەواوکاری و تەواویی فەرهەنگەکەدا و بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکەی، بۆ هەرقۆناغێکی تەمەنی تایبەتمەندی و سیما و توانستی زمانی خۆی هەیە. لەسەر بنەمای ئەوانەی باسکران، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە دامەزراندنی ئەو فەرهەنگە مەرجی ئەوە دادەنرێت، کەڕەچاوی پێویستییە دەروونییەکانی منداڵ بکرێت و ڕەچاوی ئاستی ئاوەزی و زانیاریی و توانستی وەرگرتنی بکرێت، لەم بارەدا فەرهەنگساز بۆ ئەنجام و دەستکەوتەکانی دەرونزانی منداڵ، و دەرونزانی پەروەردەیی، کە پێی دەوترێت دەرونزانی قوتابخانەیی و دەرونزانی زمانەوانی، دەگەڕێتەوە، هەتاکو ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان وەبەرهەمبێنێ لە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی خاوەن پێکهاتەیەکی تۆکمە و ئەنجامی سوودبەخش لە ئاسۆی واقعی منداڵ و دەوروبەرەکەیەوە بە دەستبێنێ.

هەڵبژاردنی کەرەسەی زمانی و ئەو وشانەی کە گریمانە دەکرێت لە فەرهەنگەکانماندا هەبێت، بەپێی بنەمایەك دەبێت کە پشت بە تایبەتمەندییە دەرونییەکانی منداڵ و چەندێتی پێویستیە زمانییەکان ببەستێت، بۆیە لەسەر فەرهەنگسازە کە لەو وشەو و زاراوانە دووربکەوێتەوە، کە تێروانینێکی خەراپ لە دەرون و بیری منداڵدا جێدەهێڵێت، تا وای لێ نەیێت ڕابکات لە بەکارهێنانی فەرهەنگ و خورەوشتی دەرونی و ئەخلاقی لارنەبێتەوە

## 4- بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی:

لەم بنەمایەدا، دەبێت ئەم خاڵانەی خوارە، هەندێ لەو خاڵە گرنگانەن، دەبێت لە دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرە ڕەچاوبکرێت:

- ڕەنگانەوەی ناسنامە: فەرهەنگ دەبێت گوزارشت لە دابونەریت، جەژنەکان، جلوبەرگ، خواردنە نەتەوەییەکانی ژینگەی منداڵەکە بکات، تا هەست بە بوونی خۆی بکات و پەیوەندی بە ڕەگ و ڕیشەی خۆیەوە بمینێت.
- پەروەردەکردنی بەهاکان: پێویستە ئەو وشە و نموونانەی هەڵدەبژێردرێن، بەها کۆمەڵایەتییە بەرزەکانی وەك (ڕاستگۆیی، هاوکاریی، ڕێزگرتن لە گەورە، ژینگەدۆستی...هتد) لای منداڵ بچەسپێنێ.
- دووردکەوتنەوە لە وشەی نەشیاو: فەرهەنگی منداڵان دەبێت زمانێکی (پاکژکراو) و ئاشتیخوازانەی هەبێت، نابێت دەستەواژەی توندوتیژیی و ڕەگەزپەرستی و وشەی نەرێنی لەو جۆرەی تێدابێت.

منداڵ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دەژیت، کە هاوبەشی تاکەکان دەکات لە بەکارهێنانی زمان و ڕۆشنبیریی و دەچێتە ژێر کاریگەریی ئەوانەی دەوروبەری و زمان لەوان فێردەبێت، یەکەم جار لە خێزانی خۆی کە ڕوخساری یەکەمی کەسێتییەکەی وێنەدەکیشێت، پاشان ئەو کۆمەڵگەیەی کە جیهانی زمانەوانی و ئاستی ڕۆشنبیریی کەسایەتییەکەیەتی. لەم ڕوانگەیەوە فەرهەنگساز وادەکات هەموو ئەو ژینگەیەی دەوروبەری منداڵ هەیە کۆنترۆڵبکات. هەروەها وابکات وشەکانی زمانەکان ببەستێتەوە بە داڕشتەی ڕستەسازی و وشەسازی و ...هتد، دەبێ فەرهەنگەکە ئەو وشانەی تێدابێت کە ڕەنگدانەوەی خورەوشتە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵی تێدابێت.**(بن صافية تنهينان: مجلة الصوتيات/2017: 164)**.

### 1-4: تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگی منداڵان:

نووسینی هەر بابەتێك تایبەت بێت بە جیهانی منداڵان، یەکێکە لە کارە هەرە قورسەکان، بە تایبەتی تریش دانانی فەرهەنگ بۆ منداڵان، لەبەرئەوەی منداڵان خاوەنی تەمەنی جیاواز و پێویستی جیاوازجیاوازیان هەیە، هەروەها لە هەر کارێك بۆ ئەوان بنووسرێت دەبێت ڕەچاوی باری دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ...هتد بکرێت، بۆیە لە دانانی فەرهەنگێك بۆ منداڵان دەبێت ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بکرێت:

1- وەك سەرچاوەیەکی یارمەتیدەربێت، تا کاتێ دەچێتە قوتابخانە پێویستی بە هەندێ زانیاریی لە پێشینەی هەیە، بۆئەوەی دەربڕین لە پێویستییەکانی بکات. واتە منداڵ پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە دەکرێت لەڕێی هەندێ فەرهەنگی تایبەتەوە، کە بێگومان وێنەی زیاتر تێدابەکاردێت، هەروەها وشەش دەتوانێت ببێتە خاوەنی زانیاری جۆراوجۆر.

2- ئەم جۆرە فەرهەنگە بەپێی تەمەن و ئاستی منداڵان وا باشترە زیاتر بایەخ بە وێنە بدات لەبری وشە، هەروەها فێری وەرگرتنی وشەشیان بکات.

3- خاوەنی تایبەتمەندی باڵابێت لەڕووی ناوەڕۆك و دیزاین، بۆ نموونە لە بەکارهێنانی ڕەنگ و کوالیتی چاپ و وێنەکان و ...هتد، کەئەمەش وا دەکات منداڵان بەرەو جیهانی فەرهەنگ ڕابکێشن.

4- دەبێت لەگەڵ تەمەن و ئاستی کارامەییەکانی خوێندنەوەیدا گونجاوبێت. **(رفعت عزوز و طارق عبدالرؤوف عامر:2015: 234 )**.

5- لەگەڵ زمانی منداڵدا گونجاوبێت، و بە زمانێکی تایبەت دانرابێت- واتە- سادەو سووك و ڕەوانبێت و منداڵان بە ئاسانی تێبیگەن.

6- ئەو زانیاریيانەی كە لەم فەرهەنگەدا دەدرێت بە منداڵ، دەبێت لەگەڵ پێویستی و ئارەزووەكانی منداڵدا گونجاوبێت.
7- دەبێت وشەكان یا هەر شتێك كە لەناو فەرهەنگەكە پێویستی بە ڕوونكردنەوە بێت زۆر بە سووكی و سادەیی پێناسەكرابێت، لەبەرئەوەی منداڵ توانستی ئەوەی نییە بە ئاسانی مامەڵە لەگەڵ دەستەواژە ئاڵۆز و لێكدراوەكان بكات و بە ئاسانی لێیانبگات.
8- ڕەچاوی پەرەسەندن و پێشكەوتن و گەشەی زمانی منداڵ بكات بە تێپەڕبوونی كات.
9- دەبێت زۆربەی كات ڕەچاوی بەكارهێنان و دانانی وێنە بكرێت بەتایبەتی بۆ ئەو وشانەی بۆ ڕوونكردنەوەیان وێنەیان پێویستە. **(بڕوانە:احمد مختار عمر:2009: 43-44).**
ئەم تایبەتمەندییانە و تایبەتمەندی تریش كە لێرەدا لەوانەیە دیارینەكرابێت، وا دەكات فەرهەنگێكی توكمە دەربچێت و خزمەتی ئاستی تەمەن و ئەقڵی منداڵ بكات و لە دواڕۆژدا زمانەكەی بە باشی بناسێت و فێرببێت و كەسێتی خۆی و نەتەوەكەی لە میانەی وشەكانیدا هەست پێبكات.

## 1-5: گرنگیی فەرهەنگ لە دەوڵەمەندكردنی زمانی منداڵاندا:

فەرهەنگ كاریگەریی زۆریی لەسەر گەشەی ئاوەزی تاك بە گشتی و منداڵ بە تایبەتی دەبێت. هەروەها دەبێتە ئەو گرنگییە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی زمانی منداڵان لەڕووی فراوانكردنی گەنجینەی وشە و فێربوونی ڕێنووس و گۆكردنی ڕاست و تێگەیشتن لە واتای جیاواز و هاوواتاكان و بەهێزكردنی لێهاتوویی و باشتركردنی ئاستی خوێندنەوە و نووسین...هتد).
گرنگی فەرهەنگی منداڵان لەوەدایە، كەهەموو منداڵان پێویستییان بەفەرهەنگ هەیە، لەبەرئەوەی ئەو وشانە لەخۆدەگرێت، كە تایبەتە بە ئەدەبیات و جیهانی منداڵانەوە، هەروەها تایبەتە بە قۆناغەكانی خوێندن و ژیانی كۆمەڵایەتییانەوە. بە شێوەیەكی سووك و سادە شرۆڤەكراوە و لە میانەی ئەوەدا بە ئاسانی تێدەگەن كە وشەكە بۆ چ بوارێك و بۆ چی سوودی دەبێت. هەروەها ئەو جۆرە فەرهەنگە كاری هەر ئەوە نییە تەنها بەرانبەر هەر وشەیەك واتاكەی بنووسێت، بەڵكو بۆ زۆربەی وشەكان ڕستە دێنێتەوە و وێنەیان بۆ بەكاردێنێ و بەشەكانی ئاخاوتنیان دیاریدەكات.**(هادى نعمان الهيتى:1976: 297).**
گومان لەوەدا نییە، كە فەرهەنگێك بۆ منداڵان دادەنرێت، دەبێت چەند ئامانجێك لەخۆبگرێت، لەوانەش:
- پەرەسەندنی زەخیرەی زمان لای منداڵان: لەو وشانەوە دەستپێدەكات كە منداڵ وەریگرتووە و هەوڵدەدات ڕۆژبەڕۆژ پەرەبپێبدات و زەخیرە و كەرەسەكانی زمان كە وشەكانن زۆر بكات و لێیان تێبگات.
- بەستنەوەی منداڵ بە جیهانی فەرهەنگەوە: فەرهەنگ وا دەكات بایەخ بە ئاراستەكردنی منداڵان بەرەو فەرهەنگ بدات و ئەرك و گرنگی فەرهەنگی بۆ دیاریبكات، بەوەی كە سەرچاوەیەكی سەرەكییە بۆ گۆكردنی وشەكان و ڕوونكردنەوەی واتاكانی و وەرگرتنی زانیاری جۆراوجۆری تایبەت بە هەموو لایەنەكانی ژیانی منداڵان بە تایبەتی لایەنی پەروەردەیی و زانستی.
- چێژبەخشین و دڵخۆشكردنی منداڵان: ئەویش لەڕێی ئەو وێنە و نەخشە ڕەنگاوڕەنگانەی كە لە ناو فەرهەنگەكەدا بەكارهاتوون، وا دەكات منداڵان چێژی لێوەرگرن و دڵخۆشبن پێی، لەبەرئەوەی جیهانی منداڵان و مێشكی منداڵان چێژ لەوێنەی جوان و سەرنجڕاكێش دەبینێت و بەتێپەڕبوونی كات وای لێدێت پەیوەندییەكی بەهێز لە نێوان منداڵ و فەرهەنگدا درووستببێت.**(مختار الظاهر حسين:2007: 4).**
فەرهەنگی زمان كاریگەریی لەسەر دەستكەوتی زمان لەلای منداڵ دەبێت، كە ژمارەیەكی زۆری زانیاری لە بوارەكانی فۆنۆلۆژی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازیی، هەروەها زانیاریی گشتگیری پێشكەشدەكات، كە دەكرێت فەرهەنگی منداڵان بەپێی تەمەن و قۆناغی خوێندنیان ئەم زانیارییانە پێشكەشبكەن:
-چۆنێتی گۆكردنی وشەكان و ڕێنووسكرنیان، كە ئەمەش وا دەكات منداڵ درك بە چۆنێتی گۆكردنی وشەكانی زمان بكات، و لە ئەنجامدا ئاستێك لە ئاستەكانی زمان وەربگرێت، كە ئاستی دەنگسازی پێدەڵێن، هەروەها شارەزا دەبێت لەوەی خوێندنەوەی وشەكان، خوێندنەوەیەكی ڕاست و دروستبكات.
- فەرهەنگ واتای وشەكان لە ڕێی ناساندن و شلۆڤەكردنی پێشكەشدەكات لەڕێی بەڵگەهێنانەوە، یان لەڕێی وێنەوە، كە واتاكەی ڕووندەكاتەوە و لە بیر و هزری منداڵی نزیكدەكاتەوە، منداڵ لەو بارەدا دەتوانێت بەستنەوەیەك بكات لە نێوان شتەكان و ناوەكانیان، كە وای لێدەكات لایەنی واتایی زمان بناسێت و بەكارهێنانی وشە لەناو ئەو سیاقەی لێیدەردەكەوێت بناسێت و ئەو واتا جیاوازەشی كە بەپێی جیاوازی سیاق دەردەكەوێت بناسێتەوە.
- لەڕێی فەرهەنگەوە منداڵ دەتوانێت پێكهاتە و ڕوخسار و چۆنێتی نووسینەوە و باری ڕستەسازی و وشەسازی وشەكان بناسێتەوە.
- فەرهەنگی منداڵان زانیاریی گشتگیری و ڕۆشنبیری جۆراوجۆر پێشكەشدەكات، تا منداڵ شارستانییەتی جیهان و وڵاتانی جیاواز بناسێت و وەربگرێت. فەرهەنگی گشتگیر بەشداری لە پەرەسەندن و گەشەسەندنی چالاكی منداڵ و لایەنی بیر و خەیاڵ و داهێنان و ...هتد، دەكات. هەروەها بەشداری لە پەرەسەندن و گەشەی ئەقڵی و چالاكی زمان لە لای منداڵدا دەكات ، وەك چالاكی نووسین و خوێندنەوە و دەربڕین، بەوەی كە منداڵ وشە و دەستەواژەی نوێ وەردەگرێت و لە دەربڕینە جیاوازەكاندا

بەکاربێنێت و خوێندنەوەی لا خۆشەویست دەبێت، لەبەرئەوەی بۆ ئەو وەك سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە زمانییەکان، ئەوەش وایلێدەکات بە بەردەوامی بەکاریبێنێت.

## 6-1: جۆرەکانی فەرهەنگی[1] منداڵان:

فەرهەنگ جۆری زۆر زۆرە، کە بە گشتی شێوەیەك و یەك جۆر نییە، بەڵکو بەپێی ئەرك و سروشتی بەکارهێنەر و جیاوازی تەمەن و جۆری زمانی بەکارهاتوو و کەرەسە و سروشتی ڕێکخستنی و سیمای گشتی و تایبەتێتیدا جۆری لێدەبێتەوە.(**بڕوانە:احمد مختار عمر:2009: 31**). هەموو ئەمانەش هۆکارێکی سەرەکیبوون، بۆ ئەوەی زانایانی زمان و فەرهەنگ بۆ جۆری جیاوازی دابەش بکەن، کە هەندێکیان لێرەدا ئاماژەی پێدەدەین:

**یەکەم: بەپێی ژمارەی زمان:**

**1- فەرهەنگی یەك زمانی:**

بەناوبانگترین فەرهەنگ و زۆرترینیانە، ئەو فەرهەنگەیە کە یەك زمانی تێدابەکاردێت. واتە وشەکان بەهەمان زمانی فەرهەنگەکەی بۆی دانراوە ڕیزدەکرێت و، ڕاڤە و پێناسە دەکرێن، ئامانجەکەشیان ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی واتای وشەکانە بەهەمان زمان.(**http://www.ciil-ebooks.net/html/lexicon/link5.htm**). وەك فەرهەنگی (هەراشان/هەولێر 2007) و (هەرزە/ هەولێر2012).کە دوو فەرهەنگی کوردی – کوردییە و بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ بەرەوژوور دانراون، واتە بۆ پۆلی سێی بنەڕەتی تا دەگاتە دواناوەندیی.

**2- فەرهەنگی دوو زمانی:**

ئەو فەرهەنگەیە کە بە زمانێکی تر دەروازەکەی ڕاڤە، یان پێناسەدەکات، وەك فەرهەنگی عەرەبی – کوردی، یان کوردی – عەرەبی...هتد. واتە فەرهەنگێك زیاتر لە زمانێکی تێدا بەکارهاتبێت. وەك فەرهەنگی (ڕابەر) کە فەرهەنگێکی قوتابخانەیی (عەرەبی – کوردی)یە، مامۆستا گیوی موکریانی لە ساڵی 1950 دایناوە. هەروەها فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە عەرەبی – کوردیی و شێخ مارفی نۆدێیی لەساڵی 1795داناوە، یان فەرهەنگی (قوتابی) کە کوردی – عەرەبییە و لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق لە ساڵی (2001) دایناوە...هتد.

**3- فەرهەنگی فرەزمانی:**

بەو فەرهەنگانە دەوترێت، کە زیاتر لە دوو زمانی تێدا بەکاردێت، لە دوای سەدەی شانزەهەمەوە گەشەی کردووە، لە ساڵی (**1585ز**) گەیشتە دە زمانی.(**علی حمد عوسمان:2021: 37**). ئەم جۆرەی فەرهەنگ بەراورد بە دوو جۆرەکەی تری فەرهەنگ، مێژوویەکی کۆنی لەناو کورددا نییە. فەرهەنگی (وشەنامەی وێنەداری هەنگاو) ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی/ 2020 وێنەی ئەم فەرهەنگەیە.

**دووەم: بەپێی ڕوخسار(شێوە):**

**1- فەرهەنگی ئەلیکترۆنی:**

ئەو جۆرە فەرهەنگەیە کە لەسەر تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەنرێت و بۆ زیاتر و خێراتر سوود لێبینین و هەروەها بەکارهێنانی ئاسانتر لەپێناو گەیشتن بە زانارییەکان بە خێرایی و بەکەمترین کات، وەك فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان بەهەر چوار زمانی (ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی – فارسی) دانانی (حەمید ئەبوبکر ئەحمەد) هەولێر – 1996.

**2- فەرهەنگی گیرفان:**

دەکرێت پێی بوترێت (**فەرهەنگی بچووك**). کەواتە فەرهەنگێکی بچووکە، لە بچووکی قەبارە و کەمی بەرگ و هەرزانی نرخ، لە دوای فەرهەنگی سەرمێزەوە دێت. لەم جۆرە فەرهەنگە لەهەموو زمانەکاندا زۆرە. دەروازەی ئەم فەرهەنگە کەمە و لەوانەیە (**5**) تا (**15**) هەزار سەرەوشە لەخۆبگرێت، لەبەر کەمی ژمارەی لاپەڕەکانی و بچووکی فەرهەنگەکە.

ڕاڤەکردن لەم جۆرە فەرهەنگەدا، زۆربەی کات پەنا دەبردرێتە بەر هاوواتا بۆ ڕاڤەکردنی وشەکانی، جگە لە وشە زمانییەکان، هەروەها هەندێ زانیاری گشتگیریی تێدایە، بۆ نموونە نەخشە. ئەم فەرهەنگانە زیاتر فەرهەنگی دووزمانە دەبن و زۆرجار بەشێوەی ڕۆژمێری بچووك بە گەشتیارەکان دەدرێت.(**حیات لشهب:2011: 73**).وەك فەرهەنگی (قوتابخانە/ عەرەبی – عەرەبی - کوردی/هەولێر 2016) و فەرهەنگی (وشە/ عەرەبی – عەرەبی - کوردی/هەولێر2016....هتد.

**3- فەرهەنگی وێنەیی:**

لەم جۆرە فەرهەنگەدا، ئەو وشە بەرجەستانەی، کە پابەندی بابەتێکی دیاریکراون، لە ڕێگەی کۆمەڵە وێنەیەك، ڕووندەکرێنەوە، دواتر ژمارە دەدرێتە هەر بەشێکی وردی وێنەکە و وشەی گونجاویش لەبەرانبەر ژمارەی هەر بەشێکی وێنەکان دادەنرێت.(**شهاب شێخ طیب:2014: 193**). لە فەرهەنگی وێنەییدا وێنەی ڕەنگاوڕەنگ کاریگەریی زیاتر بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان دەبێت، وەك لە وێنەی ڕەش و سپی. نموونەی فەرهەنگی وێنەداری،

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

فەرهەنگی(**وێنەداری گیانداران**)ی (**کەمال جەلال غەریب**). هەروەها فەرهەنگی وێنەداری **ئۆکسفۆرد**. هەروەها فەرهەنگی وێنەداری (دیدار) هەولێر/ 2011 کە بۆ تەمەنی (3-6) ساڵان دانراوە...هتد. ئامانجی ئەم جۆرە فەرهەنگە ئەوەیە، یارمەتی منداڵ دەدات ناوەکان بە شێوەی شتەکانەوە ببەستێتەوە.

**4- فەرهەنگی مژارەیی:**

لەم جۆرەدا وشەکان بەپێی ئەلفوبێ ڕیزنەکراون، بەڵکو بەپێی بابەت کۆکراونەتەوە، نموونە بەشێك تایبەت بە (قوتابخانە) و بەشێك بۆ (جەستەی مرۆڤ)...هتد، دانراوە. کە یارمەتی منداڵ دەدات پەیوەندی نێوان وشەکان تێبگات.

**5- فەرهەنگی وشە و ڕستە:**

بۆتەمەنی قوتابخانە (7 بۆ 10 ساڵ) گونجاوە. لێرەدا جگە لە وێنە، پێناسەیەکی کورت و سادە بۆ وشەکان دەکرێت. تایبەتمەندیشی ئەوەیە زۆر جار وشەکە دەخرێتە ناو ڕستەیەکی نموونەییەوە تا منداڵەکە بزانێت چۆن بەکاری بهێنێت

## 1-7: دیزاین و دەرهێنانی هونەری فەرهەنگی منداڵان:

زاراوەی دەرهێنان یان دیزاینی هونەری لە بنەڕەتدا لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا دەرکەوت، پاشان بۆ بوارەکانی تر گواسترایەوە. مەبەست لە دەرهێنانی هونەری فەرهەنگ، شێوەی لاپەڕەکە و ئەو ستوونانەی تێیدایە، هەروەها چ هێمایەك لەسەرەتا یان لە کۆتایی لاپەڕەکەدا دادەنرێت و ڕازاندنەوەی فەرهەنگەکە و دانانی وێنەکان بە شێوەیەکی زانستییانە و چاپکردنی و بایەخدان بە کۆمەڵێ کاری هونەری تر، بۆئەوەی بە باشترین شێوە دەربچێت و کاریگەریی باش بکاتە سەر منداڵان و ببێتە جێی سەرنجیان...هتد.(**فاطمة بن شعشوع:2013: 77**).

نووسەر یان دانەری فەرهەنگەکە واباشە بایەخێکی زۆر بە کاری دەرهێنانی هونەری فەرهەنگەکە بدات و لە کاتی چاپدانی چاودێری پرۆسەی چاپەکە بکات و ئاگاداری هەڵە و هەندێ کاری تر ببێت ئەگەربێت و بینی لە کاتی چاپکردنەکەدا هەبێت، ئەمەش وا دەکات بیرۆکەیەکی زانستی ڕوون و ورد ببەخشێت بە نووسەرکە و شارەزایی لە کاری هونەری دەرهێنانی فەرهەنگەکەدا پەیدابکات.(**بڕوانە:احمد نجیب:2003: 159** ). بایەخدان بەو بوارە زۆر گرنگە، تا بە جوانترین شێوە و ڕوخسار فەرهەنگەکە دەربچێت. لەبەرئەوەی لە ئەنجامی هەندێ کێشە کە لە کاتی چاپکردندا تووشی فەرهەنگ دەبێت، وا دەکات ببێتە بەربەست بەرانبەر منداڵ یان ئەوانەی لەو بوارەدا ئەزموونیان نییە، باش لێی تێنەگەن و بە ڕوونی و تەواوی پیتەکان یان وشەکان لەیەك جیانەکەنەوە، هەندێ لەو کێشە و بەربەستانەش دەکرێت ئەمانەبن: (خەراپی چاپکردن یان خەراپی جۆری کاغزەکەی و کاڵی ڕەنگی وشەکانی و یان دانانی خاڵەکانی سەر پیتەکان یان دانانی وێنەکان لە دووری ئەو وشەیەی بۆی دانراوە ...هتد).(**بڕوانە: احمد محمد المعتوق:2008: 200-201**).

گرنگترین ڕەگەزەکانی دەرهێنانی هونەری فەرهەنگی منداڵان دەکرێت هەندێ لەم خاڵانەی خوارەوەدابێت:

1- قەبارەی فەرهەگ و جۆری کاغەز و ڕەنگەکەی:

قەبارەی فەرهەنگ زۆر گرنگە بایەخی پێبدرێ، یەکێکە لە گۆشە گرینگەکانی کاری دەرهێنانی هونەری و دەبێت ڕەچاوبکرێت و زۆر گەورە و گران نەبێت، کە منداڵ نەتوانێت هەڵینەگرێت. هەروەها لە ڕووی کاغزیشەوە دەبێت جۆرێکی باش هەڵبژێردریت و سپی بێت و کاغزەکەی لەو جۆرە نەبێت کە زوو تێکبچێت و یاخود ڕەنگەکەی زەردێکی نزیك ڕەنگی سپی بیت یان نزیك بیت لە ڕەنگی شیر، بۆئەوەی لە کاتی بەکارهێنان و خوێندنەوەی چاو ماندوو نەکات و ئازاری پێنەگەیێنی، لەبەرئەوەی ڕەنگی زۆر سپی چاو ماندوو دەکات، بە تایبەتی ئەگەر بێت و پیت یان وشەکان بە ڕەنگیکی کاڵ نووسرابیت، بۆیە ئێستا لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنی بواری چاپ و تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا، فەرهەنگ بە تایبەتی فەرهەنگی منداڵان بە جوانترین شێوەیە چاپدەکرێت و قەبارەیەکی باش و جۆریی کاغەزی باشی بۆ هەڵدەبژێردریت.(**بڕوانە:احمد محمد المعتوق:2008: 202**).

قەبارەی فەرهەنگی منداڵان پەیوەندی بە تەمەنی منداڵەوە هەیە، بۆ نموونە منداڵانی تەمەنی بچووك حەزی بە خەتی گەورە و بەکارهێنانی زۆری وێنە هەیە، هەرچەندە لەتەمەنیش گەورەبێت زیاتر نووسینی تێدابیت کە سوودی لێ دەبینێت و ژمارەی بەکارهێنان و دانانی وێنەکان کەمتر دەبێتەوە و قەبارەی نووسینی پیتەکان گچکە دەبێتەوە.

2- وێنە و نەخشە و هێڵکاری و هێما:

وێنە و نەخشە و هێڵکاری و هێما و...هتد، لە فەرهەنگی منداڵاندا، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن و گرنگیی و بایەخەکەی زیاتردەبێ، هەرچەندێ بێ و تەمەن منداڵ بچووکتربێت و کەمتر شارەزایی لە خوێندنەوە هەبێت، بەمەش وێنە دەبێتە یەکەیەکی زمانی دەربڕدراو لە تەمەنی سەرەتایی منداڵدا.(**احمد نجیب:2003: 221**). وێنە یان هێماکان یاخود کورتکراوەکان وا لە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەکات، کە ڕێپیشاندەری بێت و لە هەمان کاتدا کاری چاپی فەرهەنگەکەش ئاسان دەکات، ئەو هێما و کورتکراوانە لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا دادەنرێت.

وێنەی بەکارهاتوو لەناو فەرهەنگ، دەکرێت کەس/ شوێن/ شتی بینراو/ ژمارە/ شێوەی ئەندازەیی/ نەخشە/ ئامرازەکانی ڕوونکەرەوەیی...هتد،بێت، لەگەڵ وێنەکان واباشترە ڕوونکردنەوەی دەنگی لەگەڵ بێت تا زیاتر ڕوون بێ و یارمەتی تێگەیشتن و وەرگرتنی بدات. لەم کاتەی ئێستادا بایەخ زیاتربووە بە بەکارهێنانی وێنە لە فەرهەنگ بە گشتی و فەرهەنگی منداڵان بەتایبەتی، لەبەرئەوەی کاری چاپ و بڵاکردنەوە پەرەیسەندووە و وایلێهاتووە لە زۆربەی هەرە زۆری جۆری فەرهەنگەکاندا بەکاردێت.

بەکارهێنانی وێنە کاریگەرییەکی زۆر و بینراوی لە ڕوونکردنەوەی وشەکانی زمان و جیاکردنەوەی واتاکانیان و دیاریکردنیان، هەروەها وا دەکات خوێنەر زووتر و خێراتر درکیان پێبکات و بە قوولی لێی تێبگات. هەروەها وا دەکات کە لە هزر و بیر و مێشکی بەکارهێنەر بمێنێتەوە و لە کاتی پێویست بێتەوە یادی و بەکاریان بێنێت. بۆئەوەی وێنەکان کاریگەری و سوودیان زیاتربێت دەبێت بەپێی پێویستی و پێویستییەکانی منداڵ بەکاربێت و نابێت زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی وێنەی زۆردا بکرێت و وەك ئەلبومی لێبێت.(**بڕوانە: احمد محمد المعتوق:1996: 220**). وێنەکان جگە لەوەی کە دەبنە سەرچاوەی ڕاکێشانی بیری منداڵ بۆ فەرهەنگەکە و سەرنجیان ڕادەکێشێ، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکارێك لە ئامرازەکانی فێرکردن و ڕوونکەرەوەیی.

3-نووسین و قەبارەی پیتەکان:

کاری نووسینەوەی وشەکان لەناو فەرهەنگدا دەبێت بەشێوەیەك بێت زۆر جوان و زانستییانە بنووسرێتەوە و جۆری خەتەکەی وابێت منداڵ حەز و ئارەزووی لێبێت، بۆیە دەبێت ئەو وشانەی کە لە دەروازەکانی فەرهەنگەکەدا دادەنرێن، دەبێت بە جوانی دەرکەوێت چ لەڕێی شێوە یان ڕەنگاوڕەنگ بکرێت، باشتریشە وشەکانی دەروازەکە بە ڕەنگی سوورێکی تۆخ بنووسرێت و لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی وشەکانی دەروازەکە بە ڕەنگێکی تربێت، ئەمەش وا دەکات واتا و تێگەیشتنی وشەکان بە خێرایی بچێتە مێشکی منداڵانەوە.

4- چاککردنەوەی هەڵەکان پێش لە چاپدانی:

پاش ئەوەی هەموو کارەکانی فەرهەنگەکە تەواو دەبێت هەر لە جۆری کاغەز و بەکارهێنانی وێنە و نووسین و ...هتد، دەبێت دووبارە پێداچوونەوەیەك بە فەرهەنگەکەدا بکرێت و هەڵەکان ئەگەرهەبێت چاکبکرێتەوە، چ لە ڕووی ڕێنووس یان زمانەوە بێت، تا فەرهەنگەکە بەبێ بوونی هەڵە چاپبکرێت و هیچ کەموکورییەکی تێدانەبێت.

5- چاپ و ڕەنگەکان:

پاش هەموو ئەو کارانەی لە خاڵی چوارەمدا باسکران، تەواوبووین، ئەمجارەیان کاتی چاپکردنی فەرهەنگەکە دێت و دەبێت بەشێوەیەك چاپبکرێت کە خوێنەر یان بەکارهێنەر بۆلای خۆی ڕابکێشێت و بە شێوە و ڕەنگی جوانەوە دەربکەوێ. ئێستا بە هۆی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و کاری چاپ دەکرێت سوود لە تەکنەلۆژیا ببینریت و فەرهەنگەکە بە جوانترین شێوەیە چاپبکرێت.(**بڕوانە:فتحی عامر:2009: 11** ).

6- چاپی بەرگەکەی و لەبەرگگرتنی:

چاپی فەرهەنگ و بەرگەکەی کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر مێشکی بەکارهێنەر، کە ئەو وشە و وێنانەی لەسەر چاپدەکرێت و ڕەنگی جیاوازی بۆ بەکاردەهێنرێت و جۆری کاغەز و دیزاینێکی جوانی بۆ بکرێت، یەکێکە لە بنەماکانی داناى فەرهەنگ و وا لە چاو دەکات، وێنە و ڕەنگ و دیزاینەکەی زیاتر کاری تێبکات پێش وشە و ناوەڕۆك و بابەتەکانی(**بڕوانە:فتحی عامر:2009: 12**)، بۆیە دەبێت زۆر بایەخ بە کاری چاپ و بەرگی فەرهەنگەکە بدرێت و بزانرێت کە ئەم فەرهەنگە بۆ منداڵان دانراوە و بێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی ببیندرێت، واتە وا دیزاین بکرێ هەر لە ڕێی بەرگەکەی و ئەو وشە و وێنانەی لەسەر بەرگەکە چاپدەکرێت لەگەڵ تەمەن و پێویستییەکانی منداڵدا گونجاوبێت.

## 8-1: چۆنێتی دانانی فەرهەنگی منداڵان:

بۆ دانانی فەرهەنگی منداڵان، کە بێگومان لە فەرهەنگی ئاسایی دەبێت جیاوازتربێت، بۆیە هەندێ خاڵ هەیە لە کاتی دانانیدا دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، کە ئەمانەن:

**ئـ ـ دەروازەکان:**

زانایانی زمان ئەمە ناودەنێن بە کەرەسە، ئەمەش ئەو وشانەن، کە فەرهەنگساز، یاخود دانەری فەرهەنگەکە، بایەخی پێدەدەن و کۆیدەکەنەوە و ڕێکیدەخەن و واتاکانیان شیدەکەنەوە، چ بە هێنانەوەی ڕستەبێت، یان لەڕێی وێنە و ئامرازی ترەوەبێت. ئەم دەروازانەش بەپێی ئەو ئەنجام و ئەرکەی هەیەتی، لە فەرهەنگێکەوە بۆ فەرهەنگێکی تر جیاوازە، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە جۆری فەرهەنگ، یان ئەو توێژەی فەرهەنگەکەی ئاراستەدەکرێ هەیە، بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکاری و پێویستییەکانیان گونجاوبێت، لەبەرئەوەی ئەو کەرەسانە یان بە واتایەکی تر بڵێین ئەو دەروازانە بنەمایەکی سەرەکین لە هونەری فەرهەنگداناندا.(**عمر احمد مختار:1998: 24**). بۆیە لە دەروازەی ئەو جۆرە فەرهەنگانەی کە تایبەتن بە منداڵ دەبێت

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

تەنها ئەو وشانە دابنرێت، کە پێویستییەکانی ئەو قۆناغانەیان پڕدەکاتەوە و ڕستەی ئاڵۆز و قورس نەهێنرێتەوە، کە منداڵان بە ئاسانی لێی تێنەگەن.

**ب- ڕێکخستن:**

مەبەست لەمە، ڕێکخستنی ئەو کەرەسانە، یان ئەو سەرەوشانەیە، کە لە فەرهەنگەکە دادەنرێت و ڕیزدەکرێت و ڕێکدەخرێت، کە ئەمەش بە بنەمایەکی سەرەکی لە دانانی فەرهەنگدا دەژمێردرێت. زانایان هەر لە کۆن و تا ئێستاش بایەخێکی زۆریان پێداوە، لەپێناو خێراگەیشتن بە واتای وشەکان. ئەو وشانەش دەبێت بەپێی ئەلف و بێیی دابنرێت، کە زۆربەی فەرهەنگەکان ئەو سیستەمە پەیڕەودەکەن.(هەمان سەرچاوە: 105).

**ج- لایەنی دەنگسازی:**

لە دانانی فەرهەنگی منداڵدا زۆر گرنگە، هەندێ زانیاری دەنگسازی هەیە بایەخیان پێبدرێت، لەوانەش وشەکان بڕگەبڕگە بکرێت و چۆنێتی نووسینیان و گۆکردنیان چ بە نووسین یان لەڕێی تۆمارکردنی دەنگی بۆ هەموو وشەکان بکرێت، تا منداڵان بتوانن گوێ لە تۆمارە دەنگییەکە بگرن و بە ئاسانی لە گۆکردنەکە تێبگەن.**(عكاشه محمود:2011: 13).**

**د- لایەنی وشەسازی:**

لەم خاڵەدا و بەپێی ئاستی تەمەن و ئاستی ئاوەزی منداڵان دەبێت هەوڵبدرێت هەندێ زانیاری لە بارەی وشەکان لە ڕووی وشەسازییەوە لەناو ئەو جۆرەی فەرهەنگەدا دابنرێت، وەك ئاماژەکردن بە وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو. هەروەها دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن و دیاریکردنی پاشگر و پێشگرەکان و ...هتد.

**هـ- لایەنی ڕستەسازی:**

ئەم لایەنەش وەك لایەنی وشەسازییە، بەڵام بە شێوەیەکی تر، کە ئەویش هێنانەوەی ڕستەیە بۆ هەندێ لە وشەکان، بێگومان ئەمەش بەندە بە ئاستی تەمەن و ئاوەزی منداڵەوە. هەروەها دیاریکردنی کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ و جۆری کارەکان (ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی) و جۆری چاوگەکان و ....هتد.

**و- بەکارهێنانی وێنە:**

گرنگترین خاڵ لە دانانی فەرهەنگی منداڵان بەتایبەتی ئەوانەی لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن، بەکارهێنانی وێنەیە لەو جۆرە فەرهەنگەدا، کە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی ڕوونکردنەوەی وشەکان و ڕۆڵێکی کاریگەریی دەبێت لە تێگەیشتنی ئەو وشە و چەمکانەی کە پێیان دەدەرێت و وێنەکانیش ڕەنگاوڕەنگبن زیاتر ڕوونتردەبن و کاریگەرییان زیاتر دەبێت وەك لەوەی ڕەش و سپی بن.

## 9-1: گرنگیی کتێب بۆ منداڵان:

منداڵ لە قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانیان پەیوەندییان بە کەسوکار و ئەو کۆمەڵەوە دەبێت، کە تێیدا دەژین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا و لەڕێی ئامراز و هۆکارە جیاوازەکانەوە زانیاری و زانستی جۆراوجۆریی دەستدەکەوێت، لەبەرئەوەی منداڵ زۆر بە خێرایی لاسایی ئەوانەی دەورووپشتی خۆی دەکاتەوە، ئەو بیرۆکە و کارو ڕەفتارانەی لاساییاندەکاتەوە، لە بیر و هزر و مێشکی منداڵەکە جێگیردەبێت و دەبێتە بەشێك یاخود پارچەیەك لە خودی خۆی و ئەو جیهانەی تێیدا دەژێت، بۆیە پێویستە ئەو بەرنامە و نووسراوانەی پێیدەدرێت تێکەڵی یەکتربکرێن، بۆئەوەی سیستەمێکی بەهای خاوێن و بێگەردی لەلا پێکبێت.**(بڕوانە:محمد الصالح حرفي:2014: 35).**

کتێب بە گرنگترین و بە سوودترین سەرچاوە دادەنرێت، بۆ وروو‌ژاندنی خەیاڵی منداڵ بەشێوەیەکی چڕوپڕ، بە پێچەوانەی تەلەفزیۆن و کاروچالاکییەکانی ڕۆژانەی، بۆیە کتێب بەسەرچاوەیەکی گرنك دادەنرێت، تا بە بەردەوامی بگەڕێتەوە بۆی و سوود لەهەموو ئەو شتانەی ببینێت کە لەناو کتێبەکەدا هەیە.**(بڕوانە:اسماعيل عبدالفتاح:2003: 121).**

کتێبی منداڵان دەبێت زانیاری جۆراوجۆریی تێدابێت لە بواری : (مێژوویی و جوگرافی و هونەری و ئەدەبی و ...هتد) هەروەها ڕەچاوی ڕەگەزی نێر و مێ بکرێت، لەبەرئەوەی هەر یەکە و بەپێی ڕەگەز بابەتی تایبەتی خۆیان هەیە و لەگەڵ تەمەن و ڕەگەزیان دەبێت بگونجێت، جگە لەو بابەتانەی کە هاوبەشە لەنێوانیان. هەروەها لە کتێبدا دەبێت پێویستییەکانی منداڵی تێدابێت، کە دەبێتە هۆی پەرەسەندن و گەشەی کۆمەڵایەتی و هەڵچوون و جەستەیی و ئاوەزی و لایەنی پەروەردەیی و زانستی.

## بەشی دووەم- بەسەرکردنەوەی کاری دانانی فەرهەنگی منداڵانی کوردی و ڕۆڵیان لە گەشەی ئەقڵی و پەروەردەیی و زانستی منداڵدا:

فەرهەنگی منداڵان لە زمانی کوردیدا بەراورد بە جۆرەکانی تری فەرهەنگ، کۆنترین مێژووی هەیە. مێژووی یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی بۆ منداڵان تەرخانکراوە و بۆ ئەوان نووسراوە و بۆ ساڵی (1682ز) دەگەڕێتەوە. ئەمەش بێگومان

خۆی لە خۆیدا جگە لە فێربوونی زمانی عەرەبی هەروەها دەبێتە هۆی گەشەی ئەقڵی و پەروەردەیی و زانستییان و وا دەکات کە منداڵان بتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەربڕین لە بوارەکانی ژیان بە وشە و دەستەواژەی جیاوازبکەن.

## 2-1- جیاوازی نێوان فەرهەنگی قوتابخانەیی و فێرکاری:

پێش ئەوەی باسی مێژووی فەرهەنگی(منداڵان/ قوتابخانەیی) لە زمانی کوردیدا بکرێت و پێش ئەوەی باسی ئەو بەسەرکردنەوە و سەرنجانەش لە بارەی ئەو جۆرە فەرهەنگانەوە بکەین، وا بە پێویست دەزانرێت، جیاوازی لە نێوان فەرهەنگی قوتابخانەیی و فێرکاریشدا بکرێت. بە کورتی فەرهەنگی(منداڵان/ قوتابخانەیی) بۆ توێژێکی تایبەتی کۆمەڵ دادەنرێت، ئەو توێژەش لە قوتابخانە، یان لە ماڵدا، بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە لێڵەکان بەکاریاندێنن. کە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە فەرهەنگە بە فەرهەنگی قوتابخانەیی و لە هەمان کاتیشدا بە فەرهەنگی فێرکاری دادەنرێت، بەڵام مەرج نییە هەموو فەرهەنگێکی فێرکاری بە فەرهەنگی قوتابخانەیی دابنرێت، بۆ نموونە فەرهەنگی (نوبارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێیی و (دوو ڕشتە)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و....هتد، بە فەرهەنگی فێرکاری دادەنرێن، لەبەرئەوەی بۆ منداڵان دانراون، تا فێری زمانی عەرەبیان بکات، خۆ ئەوەش ڕاستە کە هەموو فەرهەنگێك بە فەرهەنگی فێرکاری و پەروەردیی دادەنرێت، بەڵام ناکرێت بە فەرهەنگی قوتابخانەیی دایانبنێین، لە حاڵێکدا لایەنی پەیوەندیدار دەتوانێت وەك سەرچاوەیەکی فێربوون و سوودبەخش دابەشی سەر قوتابی قوتابخانەکانی بکات و قوتابیان سووی لێ ببینن. کەواتە دەکرێت بوترێت هەموو فەرهەنگێکی(منداڵان/ قوتابخانەیی) بە فەرهەنگی فێرکاری دادەنرێت، بەڵام هەموو فەرهەنگێکی فێرکاری بە فەرهەنگی قوتابخانەیی دانانرێت. هەروەها جیاوازییەکی تری نێوانیان ئەوەیە کە لە کاتی دانانی فەرهەنگی (منداڵان/ قوتابخانەیی) چەندین بنەما و مەرج و ڕەگەز و زانیاریی هەیە دەبێت بوونی هەبێت، بەڵام لە فەرهەنگی فێرکاری مەرج نییە ئەو هەموو بنەما و ڕەکەز و مەرجانە لە خۆبگرێت، بەڵکو وەك وشەدانێك دادەنرێت و بەرانبەر بە سەرەوشەکانی واتاکانیان لێکدەدرێتەوە بە هەر زمانێك بێت.

## 2-2- مێژوو و بەسەرکردنەوەی فەرهەنگی منداڵان لە زمانی کوردیدا:

**1- قۆناغە سەرەتاییەکان (کلاسیک)**

لە ڕابردوودا فەرهەنگی سەربەخۆ بۆ منداڵان بەو شێوە مۆدێرنەی ئێستا نەبووە، بەڵام هەوڵەکان لە چوارچێوەی "پەروەردەی ئایینی و ئەدەبیدا" بوون:

- **ئەحمەدی خانی و (نۆبەران):** دەتوانرێت کتێبی "نۆبارا بچووکان" (١٦٨٢ز) بە یەکەمین هەوڵی فەرهەنگنووسی و فێرکاری دابنرێت. هەرچەندە بە شیعرە، بەڵام ئامانجەکەی فێرکردنی وشە و ڕێزمانی عەرەبی بووە بە منداڵانی کورد.
- **شێخ مارفی نۆدێ:** کتێبی "ئەحمەدی 1795" نووسی بۆ ئەوەی کوڕەکەی (کاك ئەحمەدی شێخ) وشە عەرەبییەکان بە کوردی فێربێت، کە ئەمەش جۆرێک بوو لە فەرهەنگی فێرکاری.

**٢. سەردەمی گۆڤار و ڕۆژنامەگەری (نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)**

لەگەڵ دەرچوونی گۆڤارەکانی وەک **(گەلاوێژ)** و دواتر گۆڤاری تایبەت بە منداڵان، وشەسازی و ناساندنی وێنەیی دەستی پێکرد. لەم قۆناغەدا فەرهەنگەکان زیاتر لە پەراوێزی چیرۆکەکاندا بوون بۆ ڕوونکردنەوەی وشە سەختەکان.

**٣. قۆناغی مۆدێرن و فەرهەنگی وێنەیی**

لەم چەند دەیەی دواییدا، فەرهەنگی منداڵان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات و بوو بە بوارێکی پسپۆڕی:

- **فەرهەنگە وێنەییەکان (ictionariesVisual D):** زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی ئێستا لە بازاڕدان، فەرهەنگی وێنەیین، کە وشەکە و وێنەکەی پێکەوە گرێ دەدەن. ئەمە بۆ منداڵانی تەمەن ٣ بۆ ٨ ساڵ زۆر گونجاوە.
- **وەرگێران لە زمانەکانی ترەوە:** بەشێکی زۆری فەرهەنگە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئێستا وەرگێردراوی فەرهەنگە جیهانییەکانن (وەک فەرهەنگەکانی Oxford یان لۆنگمان بۆ منداڵان) کە کراون بە کوردی-ئینگلیزی یان کوردی-عەرەبی.
- **فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی:** هەوڵ دراوە فەرهەنگی وا بێت کە جگە لە واتا، زانیاریی گشتیش بدات بە منداڵ (بۆ نموونە: فەرهەنگە گچکەکان).

**کێشە و ئاستەنگەکان لە فەرهەنگی منداڵانی کوردیدا**

1. **نەبوونی ستاندارد:** زۆر جار لە فەرهەنگەکاندا وشەی زاراوە جیاوازەکان تێکەڵ دەکرێن بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوچەکە بکرێت، کە ئەمە منداڵ تووشی سەرلێشێوان دەکات.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

2. **کەمیی فەرهەنگی "زمان بۆ زمان":** زۆربەی فەرهەنگەکان (کوردی-ئینگلیزی)ن، فەرهەنگی (کوردی-کوردی) تایبەت بە منداڵان کە بە زمانی سادە وشەکان ڕاڤە بکات، زۆر کەمە.
3. **لایەنی دەروونی:** هەندێک فەرهەنگ ڕەچاوی تەمەنی منداڵ ناکەن لە هەڵبژاردنی وشەکاندا.

**گرنگیی ئەم فەرهەنگانە بۆ ئێستا**

لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، منداڵی کورد ڕووبەڕووی لێشاوی وشەی بیانی دەبێتەوە. هەبوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ڕەنگاوڕەنگ دەبێتە هۆی:

- پاراستنی **ناسنامەی زمان**.
- زیادکردنی **متمانە بەخۆبوون** لە کاتی قسەکردندا.
- ئاسانکاری بۆ **فێربوونی خوێندنەوە و نووسین** لە قۆناغی بنەڕەتیدا.

**تێبینی:** پێویستە لە کاتی هەڵبژاردنی فەرهەنگ بۆ منداڵ، سەیری کوالێتی وێنەکان و سادەیی ئەو زمانە بکرێت کە پێی نووسراوە.

## 2-3- کورتە مێژوویەکی فەرهەنگی (منداڵان/ قوتابخانەیی) لە زمانی کوردیدا[2]:

فەرهەنگی(منداڵان/ قوتابخانەیی)، پێویستییەکان چەرخی نوێ و ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی کە لەسەر ئاستی پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕوویانداوە، خواستوویەتی و هێناویتییەوە کایەوە، بۆیە زۆر پێویست بوو فەرهەنگێکی فێرکاری لەو جۆرە بێتە دانان و پێویستی و داواکارییە زمانییەکانی منداڵ و قوتابیان بێنێتە دیی. گەر لە زمانی کوردیدا بمانەوێت باسی مێژوو و بەسەرکردنەوەی فەرهەنگە(منداڵان/ قوتابخانەیی)ەکان بکەین و بایەخدان بەو جۆرە فەرهەنگە دیاریبکەین، ناکرێت باسی فەرهەنگی (نۆبارا بچووکان)ی ئەحمەدی خانی کە ساڵی (1682ز) و هەروەها فەرهەنگی (ئەحمەدی) کە شێخ مارفی نۆدێیی لە ساڵی (1795ز)ی دایناناوە، باس نەکەین، کە بێگومان لەو سەردەمەدا لە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە و کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا، دانانی فەرهەنگێکی لەو جۆرە بۆ ئەوەی سەرچاوەیەك بێت منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی بکات، کارێکی مەزن و پڕ بەهابووە، ئەو دوو فەرهەنگەش هەر بەو مەبەستەوە دانراوە و دەچنە خانەی فەرهەنگی فێرکارییەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ڕووی مێژووی دانانی ئەو جۆرەی فەرهەنگەوە زمانی کوردی پێش هەندێ لە زمانەکانی تر کەوتووە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی لەو بوارەدا لە (...نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و بەتەواویش لە سەدەی بیستەمدا زیاتر بایەخیان بەو جۆرە فەرهەنگ داوە...).**(بڕوانە:جموعی تارش:2013: 27)**.

هەروەها لە نیوەی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەمدا مامۆستا گیوی موکریانی دوو فەرهەنگی هەر بەو مەبەستە دانا و لێی نووسیوە فەرهەنگێکی قوتابخانەییە کە یەکێکیان بەناوی فەرهەنگی (ڕابەر) کە عەرەبی – کوردییە و لە ساڵی (1950ز)ی دایناوە و ئەوەی دیکەی بەناوی فەرهەنگی (مەهاباد)ە و کوردی – عەرەبیە و لە ساڵی (1961ز)ی دایناوە و لە ساڵی(2012) جارێکی تر دەزگای (ئاراس) لە هەولێر چاپیکردۆتەوە. هەروەها د.عەزەددین مستەفا ڕەسوڵ لە ساڵانی( 1955) فەرهەنگێکی بەناوی (فەرهەنگۆك بۆ قوتابیانی کورد) داناوە. هەروەها مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە ساڵی (1970ز) فەرهەنگی (دوو ڕشتە)ی بە زمانی (عەرەبی – کوردی) داناوە، بۆ ئەوەی منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی ببن. لە لایەن چەند مامۆستایەك کاری ئامادەکردن و وەرگێڕان بۆ فەرهەنگێك بە ناوی فەرهەنگی قوتابی (ئینگلیزی – کوردی ) لە ساڵی (1985) هاتە چاپکردن. هەروەها لە دانانی (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە)ی عێراق فەرهەنگێك بەناوی (فەرهەنگی قوتابی) کە (کوردی – عەرەبی)یە لە ساڵی (2001) چاپکرا.

هەروەها لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراق و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی و نەتەوەکانی تر فەرهەنگی (تریفە) کە (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)یە، لە ساڵی (2008) چاپکرد. هەروەها لە ساڵی (2007) لە لایەن لیژنەی فەرهەنگ – کۆڕی زانیاری کوردستان، فەرهەنگی (هەراشان)یان چاپکرد کە (کوردی – کوردی)یە و لە ساڵی (2012)ش لیژنەی فەرهەنگ- کۆڕی زانیاری کوردستان فەرهەنگی (هەرزە) کە (کوردی – کوردی)یە چاپکرد. هەروەها لە ئامادەکردنی (محمد جعفر مجید) و پێداچوونەوەی زێوەر ئەنوەر لە ساڵی (2016) فەرهەنگێکیان بە ناوی (فەرهەنگی قوتابخانە) کە (عەرەبی – کوردی)یە چاپکرد. ئەو فەرهەنگانەی سەرەوە کە دیاریکراون و دەستمانکەوتوون تا ڕادەیەکی زۆر ئاماژە بە مێژووی فەرهەنگی(منداڵان/ قوتابخانەیی) لە زمانی کوردیدا دەکەن.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

2-4- بەسەرکردنەوەی ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ منداڵان دانراون:

2-4- 1- ئەحمەدی خانی/ فەرهەنگی (نۆبارا بچووکا) (عەرەبی – کوردی)، (1094ك – 1683/1682ز) لە چاپدراوە.

لە بارەی ناوی فەرهەنگەکە تا ئێستا لە زۆربەی سەرچاوە کوردییەکاندا، ناوی فەرهەنگەکە بە هەڵە تۆمارکراوە بە (نەوبەهاری بچووکان) یان (نەوبەهار) (هیمداد حوسێن / 1985/ ل76) (نووبهار) (لێژنەی بیبلۆگرافیا/279/2010). عەبدولستار ڕای وایە: ناوەکەی (نۆبار)ە، واتا (البکر) نەك نەوبەهار، کە (الربیع الجدید)ە. فەرهەنگەکە چونکە بۆ منداڵان نووسراوە، واتای یەکەم لە زمانی منداڵ نزیکترە.(عبدالستار کازم: 1979: 22). (نۆبار) واتە (نۆبەرە).

محەمەد ئەمین عوسمانیش ڕای وایە (نەوبەهار) هەڵەیە و لە بنیاتدا (نەوبار)ە واتەی میوەی تازە.(یەکێتی نووسەرانی کورد:2001: 136).(بڕوانە: عەلی حەمەد عوسمان:2021: 35-36) پەراوێزی ژمارە(29).

عەلی فەتاح دزەیی لە پەراوێزی ژمارە (2)ی لاپەڕەی (3)ی کتێبەکەی بەناوی (نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارف نۆدێیی)دا، دەڵێت: کێشەیەك لەسەر ناوی ئەم فەرهەنگۆکە- واتە فەرهەنگۆکەی خانی- هەیە. (موحەممەد ئەمین بۆز ئەرسەلان ) لە پێشگوتنی (مەم و زین)دا (چاپی ئەستەمبوڵ ساڵی 1968) ناوەکەی بە ( نووبار- NUBAR ) تۆمارکردووە. دکتۆر کەمال فوئادیش هەمان باوەڕی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لە چاپەکەی بەردەستمدا ناوی بە (نەوبەهار= نوبهار) هاتووە، نەمویست دەستکاریی ناوەکەی بکەم. **(بڕوانە: عەلی فەتاح دزەیی:1985: 3).**

ئەمە فەرهەنگۆکێکە بە شیعر، شاعیری مەزنی کورد- ئەحمەدی خانی بۆ یارمەتیدانی منداڵانی کورد لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا نووسیویە و لە سەرەتادا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە:

نە ژ بو صاحب ڕەواجان
بلکی ژ بو چوکی د کرمانجان

ئەم فەرهەنگە چەند جارێك لە چاپدراوە:

یەك- لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی یووسف زیائەدین پاشای خالدیدا، بە ناونیشانی (الهدیة الحمیدیة في اللغة الكردیة) لە ئەستەنبوڵ لە (1310هـ - 1893ز) چاپکراوە.

دوو- لە کتێبەکەی (لێ کۆك)ی زانای ئەڵمانیدا.

La Coq A. Kurdishche Text gesammelt. Und hrsgb. Von. Berlin, 1903

سێ- لە لایەن مامۆستا سادق بەهائەدینەوە.**(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:1989: 289).**

دەربارەی کتێبەکەی (لێ کۆك) بەرگی یەکەم (72) لاپەڕەیە و بەرگی دووەم (118)یە. نووسەر لەم دوو بەرگەدا هەندێ تێکستی هەمەجۆری کوردی بە پیتی عەرەبی و لاتینی و تەرجومەی ئەڵمانییەوە بڵاوکردۆتەوە.

لە نێو ئەو تێکستانەدا (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی هەیە...هەروەها فەرهەنگۆکێکی بۆ ئەو وشە کوردییانە سازکردووە، کە لە تێکستەکاندا هاتوون.**(هەمان سەرچاوە: 274).**

دەربارەی خاڵی دووەم، عبدالستار کازم لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ژمارە (56)ی لاپەڕە (22-26)، کە لە بەغدا ساڵی (1979) دەرچووە، هەندێ تێبینی و سەرنجی لەبارەی ئەو هەڵە زمانەوانییانەی خستوتەڕوو، کە مامۆستا سادق بەهائەدین لە چاپی (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانیدا کردوویەتی.**(هەمان سەرچاوە:212).**

هەروەها لە بارەی هەمان فەرهەنگی ئەحمەدی خانییەوە، سادق بەهائەدین ئامێدی لە کتێبێك بەناونیشانی (سەیدایێ مەزن ئەحمەدێ خانی) لە بەغدا ساڵی (1979) چاپکراوە. نووسەر لەم کتێبەدا لەسەر بناغەی چەند دەستنووسێك و هەندێ چاپی(نەوبەهار) هەوڵی ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کارەکەی ئەحمەدی خانی داوە. **(هەمان سەرچاوە:212).**

هەروەها مامۆستا عەلی فەتتاح دزەیی لە نامیلکەی (نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێیی)، هەولێر، 1985دا لە بارەی چاپەکانی (نەوبەهار)ەوە دەڵێ: ((ئەو چاپەی کە ئێستا لەبەر دەستتدایە(38) لاپەڕەی قەوارە بچووکە...(مەلا عەبدولسلام جەزیری) مەتنەکەی ڕاستکردۆتەوە و سەر و ژێری بۆ هەموو وشەکانی داناوە. (موحەمەد ڕەمەزان کوردی بۆتی) چاپیکردووە. ساڵی لە چاپدانیشیان دیارینەکردووە، بەڵام بێگومان ئەم چاپە ئەوە نییە کە (ئەمین زەکی بەگ) باسی لێوە کردووە))(ل4). **(هەمان سەرچاوە:289).**

ئەم فەرهەنگە بە شێوەی قەسیدە و هەر قەسیدەیەکیشی لەسەر کێشێکە. فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردییە و (900) وشەی عەرەبی بەرانبەر بە (700) وشەی کوردی تێدایە.**(عەلی فەتاح دزەیی:1985: 10).**

2-4- 2- شێخ مارفی نۆدێیی/ فەرهەنگی (ئەحمەدی) (عەرەبی – کوردی)، (1210ك – 1795ز) لە چاپدراوە.

**پوختەیەکی کورت لە بارەی فەرهەنگەکە:**

ئەمە فەرهەنگێکی عەرەبی – کوردییە، بە شیعر دانراوە. ئەم بەرهەمە چەند جارێك چاپکراوە:

1- حوسێن حوزنی موکریانی ساڵی (1345ك- 1926ز) لە ڕەواندز لە چاپخانەی (زاری کرمانجیی) چاپیکردووە. ئەم چاپە (18) لاپەڕەیە.
2- پیرەمێردی شاعیر ساڵی (1936ز) لە چاپیداوە.
3- محەمەد ئەمین عەصری خاوەنی کتێبخانەی (ترقی) لە کرکووك چاپیکردۆتەوە. ئەم چاپە (32) لاپەڕەیە و ساڵی لە چاپدانی لەسەر نەنووسراوە.
4- جارێکی تریش لە بەغدا لە چاپدراوە.
5- ساڵی (1961) مامۆستا گیوی موکریانی لەسەر ئەرکی چاپخانەی (کوردستان) لە هەولێر چاپیکردۆتەوە.
6-سەیدییان ساڵی (1343)ی هەتاوی لە مەهاباد چاپیکردووە. ئەم چاپە بە دەست نووسراوەتەوە و بە ئۆفسێت چاپکراوە. **(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:1989: 299).**

دەربارەی ئەو چاپەی کە لە ژمارە (3)دا، د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف ئاماژەی پێیداوە، پێم وایە زانیارییەکەی زۆر دروست نەبێت، لەبەرئەوەی نامیلکەکە یان بڵێین فەرهەنگۆکەکە (38) لاپەڕەیە و لەسەر ئەرکی (عبدالخالق محمدامين عصرى) چاپکراوە و لە کۆتایی نامیلکەکە ئاماژە بە ساڵی **(1986)** کە لە (دار المثنى للطباعة والنشر) لە بەغدا، چاپ و بڵاوبۆتەوە. نرخەکەشی لەسەر بەرگەکەی (500) فلسی لەسەر نووسراوە.

هەروەها لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە، عەلی فەتاح دزەیی لە کتێبی (نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدی) لە گەڵێ ڕوووەوە لە فەرهەنگی (نەوبەهار)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێیی کۆڵیوەتەوە و بەراوردی کردوون.**(بڕوانە:عەلی فەتاح دزەیی:1985).**

چاپێکی تری فەرهەنگی (ئەحمەدی)یش لە شاری سنە لە لایەن (موحەممەد موحەممەدزادە) چاپکراوە و لەسەری نووسراوە چاپی چوارەم و بە ناوی (فەرهەنگۆکی ئەحمەدی).

لەم چاپەدا نووسەرەکەی بەشی تری بۆ فەرهەنگەکە درووستکردووە، واتە جگە لەوەی کە فەرهەنگەکە بە زمانی (عەرەبی – کوردی)یە، هەروەها زمانی تریشی بۆ زیادکراوە و کراوە بە (کوردی – کوردی) و (عەرەبی – فارسی) و (عەرەبی – کوردی – فارسی – ئینگلیسی) و (کوردی – عەرەبی) و لە چاپێکی جوان و دیزاین و دەرهێنانێکی زۆر باش لە چاپدراوە. **(بڕوانە: موحەممەد موحەممەدزادە:1393).**

هەروەها لە لایەن (عەبدوڕڕەحیم مەحموودی) فەرهەنگی ئەحمەدی چاپێکی تری کراوەتەوە بە ناوی (لۆغەتنامەی ئەحمەدی وێنەدار) کە ئامادەی کردووە و لەسەری نووسیوەتەوە و (ئەحمەد مورادی)یش وێنەداری بۆ کردووە. کە لە ساڵی (2021) لە شاری (سنە) چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە دیزاین و چاپێکی جوانی بۆ کراوە و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕوون بۆ هەر سەرەوشەیەك دانراوە.

ناوەرۆکی فەرهەنگی (ئەحمەدی) (365) بەیت هۆنراوەی پڕکردووەتەوە و نزیکەی (1300) وشەی کوردی بەرانبەر بە نزیکەی (1400) وشەی عەرەبی تیاداهەیە.**(بڕوانە: عەلی فەتاح دزەیی:1985: 55).**

### 2-4- 3- عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ/ فەرهەنگۆك بۆ قوتابیانی کورد، بەغدا، 1955.

ناوەڕۆك و مەبەستی ئەم بەرهەمە، وەك دانەر خۆی لەسەر بەرگ و پێشەکییەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، لێکدانەوەی واتای وشە عەرەبییەکانی کتێبی خوێندنی عەرەبی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و ئاسانکردنی کار و پاشەکەوتکردنی کاتی قوتابیانی کوردە لە تێگەیشتنی ئەو وشانەدا کە لە پاشکۆی کتێبەکانیاندا تۆمارکراون.

### 2-4- 4- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس/ فەرهەنگی (دووڕشتە) عەرەبی – کوردی، بەغدا، 1970.

ئەم فەرهەنگە کە لەسەر شێوازی (نۆبارا)ی ئەحمەدی خانی و (ئەحمەدی) شێخ مارفی نۆدێیی بە شیعر دانراوە، مەبەستەکەشی ئەوە بووە منداڵان فێری وشەی عەرەبی ببن. کە بریتییە لە (112) لاپەڕە و چەند باسێك. جارێکی تریش لە شاری سنە بە دیزاین و بەرگێکی جوان لە ساڵی (1391) چاپکراوەتەوە و (94) لاپەڕەیە.

لەم فەرهەنگەدا بە شیعر ئەو بابەتانەی لێیدواوە جیاکردۆتەوە بۆ ئەمانەی خوارەوە: (ئەوساف، سیفەتەکانی ئینسان، ئەحواڵی ئینسان، جموجۆڵی ئادەمیزاد، پاکی و خاوێنی ئینسان، جل و بەرگ، ماڵ و پێویستییەکانی ناو ماڵ، پێویستی خانوبەرە، پێویستییەکانی دارتاشی، پێویستییەکانی فەلاح، ئەسبابی وڵاخ و وڵاخداری، ئاوەدانی و مامەڵە و ئاڵووێر، ساغی و نەخۆشی و دەرد و داو، خواردن و هەرچی پەیوەندی پێیەوە هەبێ، میوە و دەغڵ و دان و دار و درەخت، ناوی گوڵ و گیای بۆنخۆش، هەندێ لەو نەباتانەی کە ئینسان و حەیوان دەیانخۆن، حەیوانات، ئەو کەلیمانەی کە بە سێ ئیعراب هاتوون).**(فەرهەنگی دووڕشتە:ل6).**

### 2-4- 5- کۆمەڵێك مامۆستا/ ئامادەکردن و وەرگێڕان/ فەرهەنگی قوتابی (ئینگلیزی – کوردی)، چاپخانەی (دار الافاق العربيه)، بەغدا، 1985.

فەرهەنگی ( قوتابی – 1985) لەڕووی چاپ و دەرهێنانەوە لەو ئاستە باشەدا نییە.

لەڕووی تایبەتمەندی کاغەز، فەرهەنگی (قوتابی -1985)یش کاغەزەکانی زۆر سپی نییە، بەڵام (سی) لاپەڕەیەکی ڕەنگی سەوزە.

فەرهەنگی (قوتابی- 1985) تا ڕادەیەکی باش وێنەی تێدا بەکارهاتووە و لەڕووی ڕەنگی دەروازەکان تەنها ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە.

کێشی فەرهەنگی (قوتابی – 1985) تا ڕادەیەك قورسە و هەڵگرتنیشی ناخۆشە ناونیشانەکەشی لە دوو وشە پێکدێت: (فەرهەنگی قوتابی) کە ناونیشانەکەی لەگەڵ ناوەرۆك و ڕوخساری فەرهەنگەکە گونجاوە. لەژێر ناونیشانەکەش ناوی داهێنەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و ساڵەکەی نووسراوە.

فەرهەنگی (قوتابی – 1985) لەبەرئەوەی بۆ زمانی ئینگلیزی – کوردی دانراوە، بەپێی ئەو تایبەتمەندییە لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەیان بۆ ئەم خاڵانە کردووە:

(پێشەکی: لێرەدا چۆنێتی بەکارهێنانی فەرهەنگەکەیان ڕونکردۆتەوە. هێمای بزوێنەکان و هێمای بزوێنە دوو دەنگییەکان و هێمای نەگۆڕەکانی تایبەت بە زمانی ئینگلیزی، جیاکردنەوەی واتا جیاوازەکانی وشەیەك، خستنەسەرە پێوانییەکان و پاشگرەکان و بەکارهێنانیان – لە زمانی ئینگلیزی – ئەو کورتکراوانەی کە لەو فەرهەنگە بەکارهێنراون و چۆنێتی دۆزینەوەی واتای وشەکان و ئاماژەش بە دوو پاشکۆی زاراوە زانستییەکان و وێنە ڕوونکراوەییەکان کراوە).

فەرهەنگی (قوتابی – 1985) ئاماژەیان بۆ ئەو ڕێبازە کردووە، کە فەرهەنگەکەیان پێ ڕیزکردووە و چۆنێتی دۆزینەوەی وشەکانیشیان دیاریکردووە.

فەرهەنگی (قوتابی -1985) ئاماژەی بۆ ئەو هێما و ڕەمز و کورتکراوانە و چۆنێتی بەکارهێنانیان کردووە.

فەرهەنگی (قوتابی- 1985) کە (272) لاپەڕەیە، ئاماژەی ئەوەی تیانییە کە سوودی لەکام کتێب و سەرچاوە بینیبێت،

فەرهەنگی (قوتابی – 1985) لە کۆتایی فەرهەنگەکەیدا لە پاش لاپەڕە (188)ەوە دوو پاشکۆی داناوە، یەکێکیان بۆ زاراوە زانستییەکان، کە (31) لاپەڕەیە و ئەوی تریان بۆ وێنە ڕوونکەرەوەکانە، کە (52)ی لەخۆگرتووە.

## 2-4- 6- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە/ فەرهەنگی قوتابی(کوردی – عەرەبی)، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا، 2001.

فەرهەنگی (قوتابی 2001) لەڕووی چاپ و دەرهێنانەوە لەو ئاستە باشەدا نییە و بەرگێکی سادە و تەنکی هەیە.

لەڕووی تایبەتمەندی کاغەز، فەرهەگی (قوتابی -2001) تا ڕادەیەکی زیاتر ڕەنگی کاغەزەکانی زۆر سپییە، کە ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چاو و ئازاری پێدەبەخشێ. لە فەرهەنگی (قوتابی-2001)دا هیچ وێنەیەکی بەکارنەهاتووە.

ئەگەر سەیری فەرهەنگی (قوتابی – 2001) بکەین لەڕووی ڕەنگی دەروازەکان تەنها ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە و هەڵگرتنی سووکە و کێشی فەرهەنگەکە قورس نییە، تەنها ئەوەندەبێت ژمارەی دەروازەکانی کەمە.

ناونیشانەکەشی لە دوو وشە پێکدێت: (فەرهەنگی قوتابی- ٢٠٠١) کە ناونیشانەکە لەگەڵ ناوەرۆك و ڕوخساری فەرهەنگەکە گونجاوە. لەژێر ناونیشانەکەش ناوی داهێنەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و ساڵەکەی نووسراوە.

فەرهەنگی (قوتابی – 2001) یەك لاپەڕەی بۆ پێشەکی تەرخانکردووە و ئاماژەی بۆ هیچ خاڵێکی گرنك و ڕێباز و چۆنێتی دۆزینەوەی وشەکان و هێما و کورتکراوەکان نەکردووە.

فەرهەنگی (قوتابی – 2001)یش ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، کە سوودی لێ بینیبێت و لە کۆتایی فەرهەنگەکەش هیچ پاشکۆیەکی دانەناوە.

## 2-4- 7- کۆمەڵێك نووسەر/ فەرهەنگی تریفە (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپخانەی (العربیه)، لبنان، 2008.

فەرهەنگی(تریفە- 2008) لە (421) لاپەڕە پێکهاتووە و لەڕووی چاپ و دەرهێنانەوە لە ئاستێکی زۆر باش دایە و بە دیزاینێکی زۆر جوان و زانستییانە دەرکەوتووە.

لەڕووی تایبەتمەندی کاغەز، کاغەزەکانی تا ڕادەیەکی باش ئەستوورن و ڕەنگەکەشی زۆر لەو سپییانە نییە ئازاری چاوبدات و بە باشیش گەینراون بەیەکدی و پتەون.

فەرهەنگی (تریفە) وێنەی ڕوونکراوەیی لەبەرانبەر هیچ دەروازەیەك دانەناوە، تەنها لەسەرەتای لاپەڕەی هەر پیتێك وێنەیەکی داناوە، بۆنموونە لە سەرەتای لاپەڕەی پیتی (ب) وێنەیەکی شاری (بەغدا)یان هێناوەتەوە.

ئەگەر سەیری فەرهەنگی (تریفە – 2008) بکەین دەروازەکانی بە ڕەنگی پەمبەیی نووسیوە و بەرانبەرەکەشی، واتە وشە عەرەبییەکەی بە ڕەنگێکی ڕەشی تۆخ دانراوە.

کێشی فەرهەنگی (تریفە) تا ڕادەیەك قورسە و هەڵگرتنیشی تا ڕادەیەك ناخۆشە.

ناونیشانەکەشی لە دوو وشە پێکدێت: (فەرهەنگی تریفە) کە ناونیشانەکەی لەگەڵ ناوەرۆك و ڕوخساری فەرهەنگەکە گونجاوە. لەژێر ناونیشانەکەش ناوی داهێنەر و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە و ساڵەکەی نووسراوە.

فەرهەنگی (تریفە) ئاماژەی بۆ هەندێ لەو زانیارییانە کردووە، کە دەبێت لە پێشەکی فەرهەنگدا هەبێت، ئەو توێژەی دیارکردووە، کە بۆی دانراوە، هەروەها ئامانجی فەرهەنگەکەی دیاریکردووە و هۆکاری هەڵبژاردنی ناوی (تریفە) بۆ ناونانی فەرهەنگەکە و ئاماژەشیان بەوە کردووە، کە ئەم فەرهەنگە زیاتر لە شەش هەزار وشە لەخۆدەگرێت.

فەرهەنگی (تریفە) ئاماژەی بۆ ئەو ڕێبازە کردووە، کە فەرهەنگەکەیان پێ ڕیزکردووە و چۆنێتی دۆزینەوەی وشەکانیشیان دیاریکردووە.

فەرهەنگی (تریفە) ئاماژەی بە هێما و کورتکراوەکان نەکردووە.

فەرهەنگی (تریفە) ئاماژەی بە هەشت فەرهەنگ کردووە، کە لە دانانی فەرهەنگەکەیدا سوودی لێ بینیوە.

فەرهەنگی (تریفە)) لە کۆتایی فەرهەنگەکەی هیچ پاشکۆیەکی دانەناوە.

## 2-4- 8- کۆڕی زانیاری کوردستان/ فەرهەنگی (هەراشان) (کوردی – کوردی)، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، 2007.

### پوختەیەکی کورت لە بارەی فەرهەنگەکە:

فەرهەنگی (هەراشان) فەرهەنگێکی قوتابخانەیی (کوردی – کوردی) لە (329) لاپەڕە پێکدێت، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستانە، ئەم فەرهەنگە لە کۆکردنەوە و دارشتنی (کۆمەڵێك مامۆستا)یە، لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کوردستان، کە ئێستا ناوی (ئەکادیمیای کوردی)یە، سەرپەرشتی دانان و دەوڵەمەندکردنی ئەم فەرهەنگەیان کردووە و بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ بەسەرەوە دایان ناوە. واتە- بۆ خوێندکارانی سێی سەرەتایی بەرەوە سەرەوە[3].

لەم فەرهەنگەدا دوو پێشەکی نووسراوە، لە لاپەڕە (3-4) پێشەکییەك بۆ منداڵان نووسراوە، تێیدا ئاماژە بەم خاڵە گرنگانە کراوە:

- باس لەوە دەکەن، کە لە نێو ئەم فەرهەنگەدا دەتوانن نەك هەر لە ڕووی واتاوە، بگرە لە بواری ڕێزمانیشدا سوودی لێ ببینرێت، بۆ ئەو وشانەی کە تێیدا دانراوە.
- لەو پێشەکییەدا ئەو کورتکراوانەی، کە دانراون بە شێوەیەکی سادە و لە ڕێی نموونەهێنانەوە ڕوونکردۆتەوە، بۆ نموونە، کە کورتکراوەی (ن.) لە پاش هەر وشەیەکدا بینرا واتای ئەوەیە، کە ئەو وشەیە سەر بە یەکێ لە بەشەکانی ئاخاوتنە کە ناوە.**(فەرهەنگی هەراشان:2007: 3)**. کەواتە (ن.) کورتکراوەی ناوە، (ئام.) کورتکراوەی ئامرازە، (ئاك.) کورتکراوەی ئاوەڵکارە، (ئان.) کورتکراوەی ئاوەڵناوە، (ج.) کورتکراوەی جێناوە، (چ.) کورتکراوەی چاوگە...واتە تەنها کورتکراوە بۆ (ناو، جێناو، چاوگ، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو، ئامراز) دانراوە، هەر کورتکراوەیەکی تر لەبەرانبەر هەر وشەیەکدا کرابێت، لەم پێشەکییەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە.
- لە بارەی وشە فەرهەنگییەکان وەك خۆیان دەڵێن، تا بۆیان کرابێت، واتای وشەکانیان ڕوونکردۆتەوە، چ لە ڕێی وشە یان هێنانەوەی ڕستەوەبێت.
- چۆنێتی دۆزینەوەی وشەکانی ناو ئەم فەرهەنگەیان ڕوونکردۆتەوە و بە پێی ئەم ڕیزبەندییە: (ئا، ئە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، م، ن، و، ی). لە سەرووی هەموو لاپەڕەکان ئەو ڕیزبەندییە نووسراوە و هەر پیتێك لەهەر لاپەڕەیەك بە ڕەنگی ڕەشی تۆخ نووسرابێت، واتە دەربڕین لەو پیتە دەکات لەو لاپەڕەیەی ئاماژەی پێکراوە.
- ئەو (27) پیتەی کە نووسراون ئەلفوبێی فەرهەنگین، پیتەکانی (ڕ، ڵ، وو، ۆ، ێ) لەبەرئەوە نەنووسراون وشە لە زمانی کوردیدا بەو پیتانە دەستپێناکات.
- جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئاماژە بە وشە ئاسانەکان لەم فەرهەنگەدا ناکەن، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە وشانە، لەلای زۆرینەی خەڵك ناسراوە، وەك: (پیاو، ئافرەت، برا، خوشك، کوڕ، گەورە، یاری ....هتد) ئەمەش واتای ئەوەیە بە پێویست نەزانراوە، بۆئەوەی قەبارەی فەرهەنگەکە گەورە و قورس نەبێت.
- لە هەندێ شوێنی ئەم فەرهەنگە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ وشە، وێنە دانراوە، ئەگەر نەگونجابێت بەرانبەری دابنرێت، ئەوا لە هەمان لاپەڕە لە جێیەکی تردا دانراوە.**(فەرهەنگی هەراشان:2007: 3-4)**.

هەروەها لە لاپەڕە (5-11) پێشەکییەکیان نووسیوە بەناوی (پێشەکی بۆ گەوران) کە لەو پێشەکییەدا چەند خاڵێکی گرنگیان وروژاندووە، ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- باس لە هۆکاری دانانی ئەم فەرهەنگە دەکەن و چوارخاڵیان دیاریکردووە، کە بووبوونە هۆکاری دانانی فەرهەنگەکە:

1- نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی- کوردی بۆ منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەوژوور.

2- بایەخدانی بە زمانی کوردی لە لایەن ئەکادیمیای کوردی کوردستانەوە.

3- دانان و دەرهێنانی ئەم فەرهەنگەیان وەك وەڵامدانەوەیەك بەکارهێناوە، بەرانبەر ئەوانەی کە ڕۆڵی ئەکادیمیای کوردی بە لاواز دەزانن لە ئاست بایەخدانیان بە دانانی زاراوە و دانانی فەرهەنگ و ڕێنووس و ...هتد.
4- بوژاندنەوەی زمانی کوردی، بۆ ئەم مەبەستەش ئەکادیمیای کوردی وایان پێ باشبووە لە قوتابخانەکانەوە دەست بەو کارە بکرێت.
وشە فەرهەنگییەکانی نێو ئەم بەرهەمە لە کتێبی خوێندنگەکان و چیرۆکی چاپکراوی منداڵان وەرگیراون.
لە پێناو دانانی ئەم فەرهەنگە چەندین لیژنەی جیاوازییان داناوە لە شارەکانی کوردستان بە تایبەتی لە شاری هەولێر و دهۆك و ...هتد، (بۆئەوەی سەرچاوەی ئەم پرۆژەیە هەموو کتێبی خوێندنگەکانی سەرەتایی بگرێتەوە).**(فەرهەنگی هەراشان:2007: 6)**. ئەو لیژنانەی دانراوان لە پێناو دانانی فەرهەنگێکی تۆکمە و زانستی و پەروەردەیی چەندین جار کۆبوونەتەوە و ڕا و سەرنجیان لەبارەی یەك بە یەکی وشەکانی نێو کتێبی قوتابخانەکان و دەرهێنانیان و لەسەر کارت بینووسن و لە پاڵ هەر وشەیەکدا باری ڕێزمانی لە نێوان کەوانەیەکدا بچەسپێنن، بەپێی ئەو کورتکراوانەی کە بۆ بەشەکانی ئاخاوتن دانرابوون لەم فەرهەنگەدا. پاشان دیاریکردنی بەشە ئاخاوتنی وشەکان، دواتر هەر وشەیەك پێویست کرابێت خراوەتە نێو ڕستەیەك، بە مەرجێك ڕستەکە و لێکدانەوەکە بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ و سەرووتر گونجاوبێت.
لە پاش ڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنج و لیژنەکان و چەندین پشکنینی وشەکان لە ڕووی ڕێزمانی و واتاوە، هەوڵدراوە چەند جارێکی دیکەش بە ناوەرۆکی فەرهەنگەکەدا بچنەوە، لەڕوی:
1- باری ڕێزمان
2- لێکدانەوەی وشەکان
3- جۆری ئەو ڕستانەی بۆ وشەکان هێنراونەتەوە و گونجانی لە ڕووی واتا و ئەو تەمەنەی کە بۆی هێنراوەتەوە.
4- کاری ڕێنووسی. واتە چۆنێتی نووسینی وشە ناسادەکان.
5- هێنانەوەی وشەی تر بە زمانە جیاوازەکانی تر و دانانیان لەنێو ئەم فەرهەنگە.
6- ڕیزبەندی وشەکان بە پێی ئەلفوبێی کوردی...هتد.
لە بارەی ناونانی فەرهەنگەکەش، وادیاربووە چەندین ناویان پێشنیازکردبوو کە ناوێك بێت لەگەڵ جۆری ئەو فەرهەنگە و ئەو توێژەی بۆی دانراوە گونجاوبێت. ناوەکانیش بریتیبوون لە (قوتابی، فێرخواز، فێریار، خوازیار) پاشان بە پێشنیازی پ.د.وریا عومەر ئەمین ناونرا بە (هەراشان).
فەرهەنگی (هەراشان) فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە، لە کۆکردنەوە و دارشتنی کۆمەڵێك مامۆستا، کە سێزدە مامۆستان و بەسەرپەرشتی لیژنەی فەرهەنگ لە کۆڕی زانیاری کوردستان ئامادەکراوە. فەرهەنگەکە لە توێی (336) لاپەڕەی (23سم × 17سم)یيە. سەروشەکان بە ڕەنگی جیاواز لە دەروازە زانیارییەکەی جیاکراونەتەوە. لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردستان لە چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، لە ساڵی (2007) بڵاوکراوەتەوە.
دوو پێشەکی لە فەرهەنگەکەدا هەن: یەکەم بۆ منداڵان و دووەمیش بۆ گەوران. لە پێشەکییەکاندا کوردستان موکریانی ڕۆڵی هاوکارانی لە دانانی فەرهەنگەکە بەرزدەنرخێنێت. وەك فەرهەنگێکی فێرکاری دەیناسێنێت، کە بۆ مێردمنداڵان نووسرابێت. سەبارەت بە ناونیشانی فەرهەنگی (هەراشان) وا داندراوە لەگەڵ ئەم تەمەنەدا بگونجێت، واتە تەمەنی هەراشی.**(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 58)**.
لە کۆتاییدا، پێشەکینووس دەربارەی ئەو فەرهەنگە یەك زمانییە کوردییە دەڵێت: تاکە فەرهەنگێکی کوردی – کوردییە، کە بۆ منداڵانی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەوژوور بە شێوەی فەرهەنگانی وڵاتانی پێشکەوتوو داندرابێت و دڵنیام لەوەی دەبێتە ژێدەرێکی باش بۆ دانانی دەیان فەرهەنگی زانستانە و سەردەمانەی دی بۆ هەمان تەمەن، هەروا ژێدەرێکی باش دەبێت بۆ فەرهەنگە هەرە گەورەکەی کوردی – کوردی.**(هەراشان:2007: 10)**.
لەم فەرهەنگەدا پیتەکان بەپێی ناوەڕۆکی ژمارەی لاپەڕەکان بەم جۆرە دێن:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئـ - 11- 34 | ب- 35- 65 | پ- 67- 91 | ت- 93-106 | ج-107-112 |
| چ- 113- 124 | ح- 125- 126 | خ- 127- 139 | د-141- 163 | ڕ- 165- 182 |
| ز- 183- 190 | ژ- 191- 193 | س- 195- 211 | ش-213- 222 | ع- 223- 224 |
| غ- 225 | ف- 227- 232 | ڤ- 233- 234 | ق- 235- 242 | ك- 243- 261 |
| گ- 263- 274 | ل- 275- 281 | م- 283- 294 | ن- 295-303 | هـ 305- 319 |
| و 321- 326 | ی- 327- 329 | | | |

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095        Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو سەرەوشانەی بە پیتی (ب) دەستپێدەکەن لەهەمووان زۆرترن و (30) لاپەڕەیان لە فەرهەنگەکە داگیرکردووە.

### 2-4-9: فەرهەنگی وێنەداری (دیدار)/ چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2011:

ئەم فەرهەنگە وێنەییە بۆ منداڵانی تەمەنی (3-6) ساڵان دانراوە و (نورەدین حوسێن) وەریگێڕاوە، بەڵام نەنووسراوە لە چ زمانێکەوە وەرگێڕادراوە. ساڵی 2011 لە هەولێر چاپکراوە و نزیکەی (80) لاپەڕەیەکی قەبارە گەورەی لەخۆگرتووە و نزیکەی (400) وێنەی تێدایە و وێنەکان ڕەنگاوڕەنگن و لەژێر هەر وێنەیەکی ناوی شتەکە نووسراوە و لە پەراوێزی هەموو لاپەڕەکاندا ناوی ئەو وێنانەی هاتووە، پێناسە و ڕوونکراوەتەوە.

### 2-4- 10- کۆڕی زانیاری کوردستان/ فەرهەنگی (هەرزە) (کوردی – کوردی)، کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر،2012.

### پوختەیەکی کورت لە بارەی فەرهەنگەکە:

فەرهەنگی (هەرزە) فەرهەنگێکی قوتابخانەیی (کوردی – کوردی) لە (268) لاپەڕە پێکدێت، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستانە، ئەم فەرهەنگە لە کۆکردنەوە و داڕشتنی کۆمەڵێك مامۆستای قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی(حەوت تا دوازدە) وەك کارێکی هەرەوەزی زۆربەی وشە و زاراوەی کتێبە کوردییەکانی ئەو قۆناغانەیان کۆکردۆتەوە.

فەرهەنگی (هەرزە) تەواوکەری فەرهەنگی (هەراشان)ە، کە ساڵی (2007) چاپکراوە. ئەم فەرهەنگەش بەهەمان ڕێسای ڕێنووس و زمانەوانی فەرهەنگی (هەراشان) ئامادەکراوە و تەنها لە ژمارەی وشەکان و ڕاڤەکردنیان بەپێی تەمەن جیاوازن.(**فەرهەنگی هەرزە:2012: 3**). ئەم فەرهەنگە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی یارمەتیدەر سوودی لێببینرێت، بۆ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی. وشە کورتکراوەکانی ناو ئەم فەرهەنگە بریتییە لە:

(ئام.).........ئامراز
(ئاك.)........ئاوەڵکار
(ئان.).........ئاوەڵناو
(ج.).........جێناو
(چ.).........چاوگ
(ن.).........ناو

فەرهەنگی هەرزە، فەرهەنگێکی کوردی – کوردییە، لە ئامادەکردنی کۆمەڵێك مامۆستای زمانی کوردی، کە پێکهاتوون لە: (سادق ئەحمەد ڕۆستایی، جینان سەعید محەمەد، ڕەسوڵ عەلی، ڕەسوڵ ئەحمەد، بێگەرد تەها، حەیدەر حاجی خدر)ە. لە لایەن سەلام ناوخۆش بەکر پێداچوونەوەی بۆ کراوە. بە تیراژی (500) دانە، ئەکادیمیای کوردی لە (367)[4] لاپەڕەی (23سم × 17سم)ی لە کۆی (3424) سەرەوشەدا (کە بە ڕوونی لە دەروازە فەرهەنگییەکان جوداکراونەتەوە)ە، لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە هەولێر، لە ساڵی (2012) بڵاویکردۆتەوە.

فەرهەنگی (هەرزە) وەکو لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە، پرۆژەی کۆڕی زانیاری کوردستان بووە و تەواوکەری فەرهەنگی (هەراشان)ە. لەژێر چاودێری لیژنەی فەرهەنگی کۆڕدا، وەك کارێکی هەرەوەزی، کۆمەڵێك مامۆستای قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی (حەوت تا دوازدە)، زاراوەی کتێبەکانی کوردیی ئەم قۆناغانەیان کۆکردۆتەوە. هەریەك بە پاڵپشتی فەرهەنگی تری کوردی – کوردی یان بە سەلیقەی خۆی ڕاڤەی سەرەوشەکانی کردووە. فەرهەنگەکە لە پێشەکییەك کورت و لیستی کورتکراوەکانی ناویدا، بەهەمان ڕێسای ڕێنووس و زمانەوانیی (هەراشان) لەچاپدراوە.

بەردەوامی فەرهەنگنووسانی کورد لەسەر دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بەپێی بنەماکانی فەرهەنگسازی بۆ تەواوی قۆناغەکانی خوێندن، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا خوێندنی باڵا لە زانکۆ، زمانی کوردی دەکات بە خاوەنی فەرهەنگێکی فێرکاریی شایستەی بەسوود، کە فەرهەنگی گشتیی دانراویشی دەوڵەمەندتر دەکات.(عەلی حەمەد عوسمان:2021: 63). لەم فەرهەنگەدا وێنە بۆ هیچ سەرەوشەیەك دانەنراوە و چەندین وشەش هەیە بۆ بەشەکانی ئاخاوتن پۆلێننەکراوە و هەندێ هێمای کورتکراوەی وەك (ن.ب) و (ن.ل) و (ن.د) و (ن.و) و ئاك.پ) و (ك.ل) و (ن.ئا) و (ئان.ژ) و (ن.ئان) و (ج.ن.ناديارە) و ...هتد، لەگەڵ کورتکراوەکانی تری ناو لاپەڕەی وشەکورتکراوەکانی ناو فەرهەنگەکە ئاماژەی پێنەکراوە.(بڕوانە: فەرهەنگی هەرزە:ل5). یەکێ لەو کارە باشەی لیژنەی ئامادەکاری فەرهەنگەکە کردوویەتی لە لاپەڕەیەك بۆ هەر پیتێکی سەرەوشەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە بۆ نموونە پیتی (ب) لە لاپەڕە (21-48) دەستپێدەکات، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، کە ئەو سەرەوشانەی بە پیتی (ب) دەستپێدەکات لەهەمووان زۆرترە و (27) لاپەڕەی لە فەرهەنگەکە داگیرکردووە.

### 2-4- 11- محمد جعفر مجيد/ فەرهەنگی قوتابخانە(عەرەبی – عەرەبی – کوردی)، هەولێر، 2016.

ئەم فەرهەنگە لە ڕووی قەبارەوە، بە فەرهەنگێکی بچووك دادەنرێت و زیاتر لە (12000) دوانزەهەزار وشە لەخۆدەگرێت و لەگەڵ (600) وێنەی ڕەنگاوڕەنگ. م.زێوەر ئەنوەر کاری پێداچوونەوەی ئەم فەرهەنگەی کردووە. ئەم فەرهەنگە جیاواز لە

فەرهەنگەکانی تر بە زمانی (عەرەبی – عەرەبی – کوردی) دانراوە و یەکێکە لەو فەرهەنگانەی کە هەڵگرتنی ئاسانە و سەرەوشەکانی کە (عەرەبی)یە ڕەنگی سووریان بۆ داناوە و لێکدانەوەی سەرەوشکەش کە پێش لێکدانەوەی بە کوردی بە عەرەبی لێکدراوەتەوە و ڕەنگی شینیان بۆ داناوە و لێکدانەوە کوردییەکەش ڕەنگی ڕەشی تۆخیان بۆ داناوە، واتە سێ ڕەنگ دیاریکراوە، بۆ ئەوەی هێمابێت بۆ ئەوەی کە ئەم فەرهەنگە (عەرەبی – عەرەبی – کوردی)یە. واتە سەرەوشەیەکی عەرەبیان هێناوەتەوە، پاشان هاوواتاکەی لە زانی عەرەبیدا و پاشانیش وشە کوردییەکەی. لە ڕووی جۆری کاغەزی فەرهەنگەکە بە کاغەزێکی باش نووسراوە و دیزاینێکی جوانی بۆ کراوە و وێنە و ڕەنگی جۆراوجۆر بۆ لاپەڕەی پیتەکان دانراوە و ئەویش جوانییەکی پێبەخشیوە و وا دەکات کە قوتابی یان خوێنەر ئارەزووی سەیرکردن و خوێندنەوەی بکات. ئەم فەرهەنگە لە (526) لاپەڕە پێکهاتووە.

لە ڕووی ناونیشانەوە، ناونیشانێکی زۆر گونجاوی هەیە و گوزارشت لەو پرۆسەیە دەکات، کە بۆی دانراوە و لەو ڕووەوە ناونانی فەرهەنگەکە بە (فەرهەنگی قوتابخانە) زۆر گونجاو و لە جێی خۆیەتی. لەم فەرهەنگە هەوڵدراوە سەرەوشە عەرەبییەکان بە (سەرووبۆر)ەوە بنووسرێن، تا خوێنەر جیاوازی نێوان (کار و ناو و چاوگ) بکات و بەپێی توانا هەوڵیانداوە ناوە کۆیەکانیشیان نووسیوە.(بڕوانە: محمد جعفر مجید:2016: 5). سەرەوشەکانیش بە سادەترین و بڵاوترین و شێوازی ڕیزکردن ڕیزکراوە، کە بریتییە لە ڕیزبەندی پیتی هیجائی – عەرەبی.

ئەم فەرهەنگە زیاتر ڕێچکەی ئەوەی گرتووە، کە سەرەوشەیەك بە زمانی عەرەبی بێنێتەوە و هاوواتاکەی بە وشەیەکی تری عەرەبی و پاشان بە کوردی بنووسێتەوە، واتە کەم سەرەوشە هەیە ڕستەی بۆ هێنرابێتەوە و کاری ڕێزمانی کەم تێداکراوە، هەروەها ئەو وێنانەی دانراون ناوەکانیان لەژێریان نەنووسراوە، کە ئەمەش وادەکات قوتابی بە ئاسانی ناوەکەی نەدۆزێتەوە. پێچەوانەی فەرهەنگی (هەراشان) کە هەر وێنەیەك لە ژێریدا ناوەکەی بۆ دانراوە.

## 2-4-12: وشەنامەی وێنەداری هەنگاو (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)/ سەنتەری هەندرێن بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتووری / زانکۆی سۆران – ڕەواندوز / هەولێر،2020:

ئەم فەرهەنگە لەلایەن د.هەڵمەت بایز و دانەر عەبدوڵلا و سامان لەتیف ئامادەکراوە و دانراوە، سەنتەری هەندرێت بۆ زمان و توێژینەوەی کەلتوری کوردی/ زانکۆی سۆران لە ساڵی 2020 بەچاپی گەیاندووە. ڕاستە هیچ ئاماژەیەکیان بەوە نەداوە کە بۆ منداڵان تەرخانکرابێ، بەڵام خۆی لە خۆیدا جگە لەوەی لە پێشەکی وشەنامەکە وتوویانە (...بۆ ئەوانەی دەیانەوێت فێری زمانی کوردی ببن، زۆر بایەخی هەیە، هەروەها بۆئەوانەش کە دەیانەوێت فێری زمانی بیانی ببن، بایەخی خۆی هەیە).(وشەنامەی وێنەداری هەنگاو:2020: چ) بۆ منداڵانیش سوودێکی گەورەی دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو وێنانەی دانراون ڕەنگاوڕەنگن و بەسێ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی) ناوی شتەکان نووسراون و بۆ زۆربەیان ناوەکەیان ڕوونکردۆتەوە بە زمانی کوردی .

ئەم وشە نامەیە بەش بەشکراوە و هەربەشێکی بۆ شتێکی تایبەتی وەك (میوە و دەنگەکان و ڕەنگەکان و سەوزەوات و هۆکارەکانی گواستنەوەو شێوە ئەندازەییەکان و جل و بەرگ و زێر و گەوهەر و بەهارات ) دانرۆاون و وێنە و ڕەنگەکان و جۆریی کاغەزی وشەنامەکە زۆر ڕوون و دیاری و خاوەن کوالیتییەکی بەرز و چاپەکەشی لە ئاستێکی زۆر باشە.

## 2-5: فەرهەنگی منداڵان و تێبینییە گشتییەکان:

پاش ئەوەی لەسەرەوە باسی چەند فەرهەنگێکمان کرد، چ ئەوانەی بۆ منداڵان و چ ئەوانەی بۆ قوتابخانە نووسراون و دانراون، دەکریت لە ڕووی ئەم خاڵانەی خوارەوە تێبینی و سەرەنجیان لەبارەوە بخرێتەڕوو:

**1- لەڕووی قەبارەوە:**

فەرهەنگەکان بەپێی قەبارە قەبارەی (گەورە و مام ناوەند و بچووك)ی تێدایە.

**2- لەڕووی ژمارەی دەروازەکانەوە:**

لە ڕووی ژمارەی دەروازەوە بەپێی کات دەروازەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە فەرهەنگی (نوبارا بچووکا) لەبەرئەوەی یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردییەوە و مێژووەکەی بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە و فەرهەنگێکی فێرکارییە و تایبەتە بە بوارەکانی ناو و کار، هەروەها لەبەرئەوەی بە شیعریش دانراوە و عەرەبی کوردییە، بۆیە دەبینین وشەکانی کەمترە لەو فەرهەنگانەی کە دوای سەدەی نۆزدە و بیستەمدا دانراون، فەرهەنگی (ئەحمەدی)یش بەهەمان شێوە. واتە هەندێکیان ژمارەی دەروازەکانیان زۆرە و هەشیانە کەمە و هەشە مامناوەندە.

**3- لەڕووی بەکارهێنانی وێنە:**

زۆربەیان وێنەیان تێدا بەکارنەهێناوە بەتایبەتی ئەوانەی لە مێژا نووسرابێتن، هەندێکی تریان وێنەی تێدابەکارهاتووە بەڵام بە شێوەیەکی زانستییانە دانەنراون، لەبەرئەوەی هەندێکیان ناوەکەیان لەژێر وێنەکە دانەناوە و هەندێکی تریشیان ناوەکەیان لەژێر وێنەکە داناوە، یان هەندێکیان قەبارەی وێنەکە گەورەیە، ئەویش وا دەکات شوێن لە فەرهەنگەکە زۆربگرێت...هتد.

**4- لەڕووی جۆری کاغز و دیزاینەوە:**

هەندێك لەو فەرهەنگانە كاری دیزاین و چاپكردنی زۆر باشە و هەندێكیشیان لەو ئاستەدا نییە و لەڕووی كوالیتی كاغەزیش بەهەمان شێوەیە.

**5- لەڕووی زانیاری ڕێزمانییەوە:**

فەرهەنگەكان بەپێی تەمەن و ئاستی خوێندنی قوتابیەكان بایەخیان بە لایەنی زانیاری ڕێزمانی ناو فەرهەنگەكە داوە و كاری ڕێزمانیان تێداكردووە، لە هەندێكیان بۆ نموونە: (دیاریكردنی بەشی ئاخاوتن، پێناسەكردنی هەندێ لە وشەكان، ڕوونكردنەوە و شیكردنەوەی زۆرێك لە وێنەكان، دیاریكردنی پێكهاتە وشەكان....). تاڕادەیەكی زۆریش بایەخیان بە لایەنی دەنگسازی لە هیچ فەرهەنگێكدا نەداوە.

بۆیە دەكرێت ئەم فەرهەنگانە و ئەوانەی لەوانەیە لە بیرمان چووبێ كە یادداشتیان بكەین، دەبنە سەرچاوەیەك یان وەك فەرهەنگێك دەبنە هۆی گەشەی عەقڵی و لایەنی پەروەردەیی و زانستی و شارستانییەتی و ...هتد، منداڵان، لەبەرئەوەی فەرهەنگ وێنە و وشە و نەخشە و ئیدیۆم و ڕستە و جۆری واتا و زۆر زانیاری تری لەبارەی ڕووەك و دابونەریت و ناوی كەس و ناودار و چیا و دیاردەی جوگرافی و مێژوویی و ناوی ئاژەڵ و هەموو زانیارییەكی تری تێدایە كە تایبەتە بە زمانی كوردی و كۆمەڵگەی كوردی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا زانیارییەكی زۆر بە منداڵ دەبەخشێت كە كاریگەریی لەسەر بیركردنەوە و پەروەردەكردن و هەستی نەتەوایەتی بەرانبەر زمانەكەی و نەتەوەكەی بەرزدەكاتەوە.

## ئەنجامەكان:

- بەپێی دانانی یەكەم فەرهەنگی كوردی لە ساڵی 1682 ئەوە ڕووندەبێتەوە كە زمانی كوردی هەم لە دانانی فەرهەنگی بە گشتی و هەم لە دانی فەرهەنگی منداڵان زۆر پێش زمانەكانی تر كەوتووە.
- ئەو فەرهەنگانەی كۆن دانراون لەبەرئەو هۆكارانەی لەناو توێژینەوەكەدا خستوومانەتە ڕوو كاریان لەسەر زانیاری ڕێزمانی لەناو فەرهەنگەكانیاندا نەكردۆتەوە، كە دابینێین، لەبەر ئەوەی فەرهەنگەكانیان بە شێوەی شیعر هۆنیوەتەوە و ئەو جۆرە فەرهەنگەش تەنها دەتوانێت بە بەشە ئاخاوتنی ناو كار دەستپێدەكات، تا منداڵ بتوانن زیاتر فێری ناو و كردارەكان ببن، كە ئەمیش دوو بەشی گرنگی ڕێزمان و بەشەكانی ئاخاوتنن.
- ئەو فەرهەنگانەی لە پاش سەدەی نۆزدە و بیستەمدا دانراون توانیویانە زانیاری جۆراوجۆر لەناو فەرهەنگەكانیاندا دیاری بكەن.
- فەرهەنگی منداڵان سەروەتێكی گەورەی گەشەی عەقڵی و پەروەردەیی و زانستی و ...هتد بۆ منداڵان.
- زۆربەی هەرزۆری فەرهەنگەكانی منداڵان ناخرینە ژێر پێوەری دیزاین و دەرهێنانی هونەری باوەڕپێكراو، كە لەگەڵ منداڵان و پێویستییەكانیان گونجاوبێت.
- باشترین یان گونجاوترین جۆری فەرهەنگ بۆ منداڵان فەرهەنگی وێنەییە.

**سەرچاوەكان:**

- **بە زمانی كوردی:**

1- د.ئەورەحمانی حاجی مارف(1989)، ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی كوردییەوە، بەغدا.
2- حسێن یارە احمد و عوسمان علی محمود و سالم محمد علی و یوسف شمعون داود(2008)، فەرهەنگی تریفە (كوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، چاپی یەكەم، چاپخانەی (العربیه)، لبنان – بیروت.
3-خیال عبدالرحمن قادر(2022)، فەرهەنگسازی و بنەماكانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی گەرمیان، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی گەرمیان، كەلار – سلێمانی.
4- شێخ مارفی نۆدێیی(1986)، فەرهەنگی (ئەحمەدی) عەرەبی – كوردی، بەغدا.
5-شهاب شێخ طیب، دەربارەی زمانەوانی، دەزگای چاپ و پەخشی (نارین)، چاپی یەكەم، هەولێر، 2014.
6-شەهاب شێخ تەیب(2021)، فەرهەنگسازی، چاپخانەی (هێڤی)، هەولێر.
7- علی حمد عوسمان(2021)، ئاستەكانی زمان لە فەرهەنگی كوردیدا(فەرهەنگی یەك زمانیی زاری كرمانجیی ناوەڕاست وەك نموونە)، سۆران- هەولێر.
8- عەلی فەتاح دزەیی(1985)، نەوبەهاری خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێیی، چاپخانەی (الثقافة والشباب)، هەولێر.
9- فەرهەنگی (هەراشان) كوردی – كوردی(2007)، كۆكردنەوە و داڕشتنی: كۆمەڵێك مامۆستا، ئامادە و سەرپەرشتیكردن و داڕشتنەوە و دەوڵەمەندكردنی: لیژنەی فەرهەنگ، چاپخانەی دەزگای ئاراس – كوردستان – هەولێر.
10- فەرهەنگی (هەرزە) كوردی – كوردی(2012)، ئامادەكردنی: كۆمەڵێك لە مامۆستایانی زمانی كوردی، پێداچوونەوە: سەلام ناوخۆش بەكر، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

11- فەرهەنگی وێنەداری دیدار(2011)، چاپخانەی نارین، هەولێر.
12- کەمال جەلال غەریب(1975)، فەرهەنگی زانیاریی وێنەدار(عەرەبی- ئینگلیزی-کوردی)،بەغدا.
13-لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە(1985)، فەرهەنگی قوتابی(ئینگلیزی – کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار افاق عربیە)، بەغدا.
14- لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2001)، فەرهەنگی قوتابی(کوردی – عەرەبی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الوفاق)، بەغدا.
15- مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس(1970)، دووڕشتە، فەرهەنگی (عەرەبی – کوردی)بەهەڵبەست، بەغدا.
16- محمد جعفر مجید(2016)، فەرهەنگی قوتابخانە، پێداچوونەوە: زێوەر ئەنوەر- هەولێر.
17- موحەممەد موحەممەدزادە(1393)ی هەتاوی، فەرهەنگۆکی ئەحمەدی (عەرەبی – کوردی)، پەخشانگای کوردستان- سنە.
18- د.هەڵمەت بایز و دانەر عەبدوڵا و سامان لەتیف(2020)، وشەنامەی وێنەداری هەنگاو(ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی)/ هەنگاوی یەکەم، سەنتەری هەندرین / زانکۆی سۆران – هەولێر.

- **بە زمانی عەرەبی:**

1- احمد محمد المعتوق(1996)، الحصيلة اللغوية، سلسلة عالم المعرفة رقم(212)، الكويت.
2- احمد محمد المعتوق(2008)، المعاجم اللغوية العربية، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، لبنان.
3- احمد مختار عمر (1998)، المعاجم اللغوية في ضوء الدراسات المعجمية الحديثة، عالم الكتب، مصر.
4- احمد مختار عمر(2009)، صناعة المعجم الحديث، الطبعة الثانية، عالم الكتب، مصر.
5- احمد نجيب (2003)، ادب الاطفال علم وفن، دار الفكر العربي، الطبعة الاولى، القاهرة – مصر.
6- اسماعيل عبدالفتاح(2003)، ادب الاطفال و قضايا العصر للاسوياء وذوي الاحتياجات الخاصة، الطبعة الاولى، مركز الكتب للنشر، القاهرة.
7- الجيلالي حلام(1999)، تقنيات التعريف في المعاجم العربية، منشورات اتحاد كتاب العرب، دمشق – سوريا.
8- بن صافية تنهينان(2017)، دت، اهمية المعجم في اثراء لغة الطفل، مجلة الصوتيات، مخبر اللغة العربية وادابها، العدد(19).جامعة البليدة، كلية الاداب واللغات، الجزائر.
9- جموعي تارش(2013)، المعاجم الموجهة للطلاب في ضوء المعجمية الحديثة(معجم الطلاب ليوسف شكري فرحان – عينة-)، رسالة ماجستير- جامعة قاصدي مرباح – ورقلة- كلية الاداب واللغات – الجزائر.
10 حيات لشهب(2011)، المعجم العربي الحديث بين التقليد والتحديث (معجم الوسيط نموذجا)، جامعة فرحات عباس- سطيف، كلية الاداب واللغات، الجزائر.
11- رفعت عزوز و طارق عبدالرؤوف عامر(2015)، المكتبة المدرسية، اطفالنا للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، الجزائر.
12- زلط احمد(1994)، أدب الطفولة،اصوله، مفاهيمه، الشركة العربية، الطبعة الثانية.
13- عكاشة محمود(2011)، التحليل اللغوي في ضوء علم الدلالة، دار النشر للجامعات.
14- فاطمة بن شعشوع(2013)، معجم المعاني العربي المنشود في ضوء الصناعة المعجميةالحديثة، رسالة ماجستير، قسم اللغة العربية وادابها، كلية الاداب واللغات الاجنبية، جامعة ابوبكر بلقايد، تلمسان، الجزائر.
15- فتحي عامر(2009)، الكتاب العربي في زمن الصورة واللون واتفاقات الجات، الامارات.
16- محمد الصالح الحرفي(2014)، ادب الاطفال في الجزائر، مجموعة دراسات نقدية، ميم للنشر، الجزائر.
17- مختار الظاهر حسين(2007)، القاموس المصور للاطفال(عربي/انجليزي/فرنسي)ج1، مكتبة العابيكان، الطبعة الثانية، السعودية.
18- هادي نعمان الهيتي(1976)، ادب الاطفال فلسفة فنونه ووسائطه، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
-سەرچاوەی پێگەی ئەنتەرنێت:

1-http://www.ciil-ebooks.net/html/lexicon/link5.htm

---

1- لە بارەی جۆرەکانی فەرهەنگ بە گشتی، بڕوانە:
-شەهاب شێخ تەیب،فەرهەنگسازی، هەولێر، 2021، ل110-134.

[1]– جگە لەو فەرهەنگانەی وەك سەرچاوە باسمكردوون و ئەو سەرچاوانەی تری سوودیان لێبینراوە لەم بەسەركردنەوەیەدا، ئەم سەرچاوەیەی خوارەوەیە و پشتمان پێبەستووە::

–خیال عبدالرحمن قادر. فەرهەنگسازی و بنەماكانی فەرهەنگی قوتابخانەیی لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت – زانكۆی گەرمیان. 2020،ل96-107.

2 - بڕوانە: فەرهەنگی هەراشان:كۆمەڵێك مامۆستا:2007.

3 - عەلی حەمەد عوسمان ئاماژەی بەوە كردووە، كە لە (367) لاپەڕە پێكهاتووە، كەچی ڕاستییەكەی ئەوەیە لە (268) لاپەڕە پێكهاتووە. (بڕوانە: عەلی حەمەد عوسمان:2021: 62).